**پێرستی بابەتەکانی ژمارە ( ٣٠ ) :**


| لاپەڕە | ناوی بابەت | ناوی ئامادەکار |
| --- | --- | --- |
| ٢ | لە پرسە چارەنووس سازەکان پێویستە موسڵمانان بۆ لای زانایان بگەڕێنەوە | سەرنوسەر |
| ٣ | سوودەکانی نەزەر نەکردن | پشتیوان حسن |
| ٥ | فەزڵی ئارام گرتن لەسەر موسیبەت | سۆران عثمان |
| ٦ | ئایا خواردنەوەی تایگەر زیانی هەیە بۆ تەندروستی ؟ | بەشی پزیشکی |
| ٧ | مەرج نیە کردەوەی چاك بەهەموو شێوازێك چاك وشەرعی بێت | سامان جبرئيل |
| ٨ | ئایا نزا (پاڕانەوە) لە قەدەری خوا ئەگۆڕێ؟ | كاروان عبدالرحمن |
| ٩ | ژیان بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکان دروستکراوە | إدريس محمود |
| ١٠ | سیفاتەکانی کەسی سەرفراز | هيوا محمد |
| ١٢ | نەمانی نیعمەت و دابەزینی نیقمەت | حيدر عدنان |
| ١٣ | هەڵبژاردنی هاوڕێی چاك سوودی هەیە بۆ دونیا و دوا ڕۆژ | سارا عادل |
| ١٤ | پەیامێك | بلال جلال |
| ١٥ | دە چرپە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا تا وشکنەبونەتەوە | ڕێناس محمد |
| ١٦ | بایەخی ڕەسەنایەتی لە دیاریکردنی هاوڕێ | جيهاد قادر |
| ١٨ | کۆڵەکەی دین | كاروان حمە باقی |
| ١٩ | هەمیشە حەق وتن و حەق ویستن لای کێیە ؟ | فلاح حسن |
| ٢٠ | حیجاب..پەردەی شەرم و حەیا لەنێوان خوشکان و خوای پەروەردگاردا | محمد نجم |
| ٢٢ | پرسیار و وەڵامی شەرعی | م.محمد عبدالرحمن |
| ٢٤ | پشوو مەدە ، تا پشوو بدەی | جليل إبراهيم |


**تێبینی** : بۆ ئەو فێرخوازە ئازیزانەی کە دەیانەوێت بابەتیان بڵاوبێتەوە ، زانست ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ، بەڵام بابەتەکانیان بەپێی مەرجی بڵاوکراوەکە بێت ، لەوانەش :

١ . بابەتی دووبارە نەبێت ... ٢ . ئەگەر وەرگیراوە ئاماژە بە ناوی سەرچاوە بکرێت ... ٣ . تا دەتوانرێت کورت و پوختکراو بێت ... ٤ . ئامادەکار ناوی خۆی و کۆلێژ و بەشەکەی بنووسێت ... ٥ . تایپکراو بێت . ٦ . ئەگەر بابەتەکە فەرمودەی تیا بوو پێویستە (تحقیق) و(تخریج)کرا بێت .

بە ڕەخنە و پێشنیارەکانتان بڵاوکراوەکەتان دەوڵەمەندتر بکەن ... لە گەڵ ڕێزماندا .


بۆ دەستکەوتنی زانست سەردانی پێگەی ئەلکترۆنی : www.ba8.org بکە.

سەرنووسەر :

**عدنان بارام** . دەرچووی عەرەبی . صلاح الدين .

**دەستەی نووسەران :**

**جیهاد قادر**/ فێرخوازی ماستەر – ز . قاهیرە

**بلال جلال** / دراساتی ئیسلامی

**هێمن عبدالكريم** / دەرچووی کۆمپیوتەری هەولێر.

**پشتیوان حسن** /دەرچووی ز.ئینگلیزی ، سلێمانی

تیراژ : ٥٠٠٠ دانە

## لە پرسە چارەنووس سازەکان پێویستە موسڵمانان بۆ لای پێشەوایان و گەورە زانایان بگەڕێنەوە ، نەك بۆ لای کەسانی تر !!!

## تێکۆشان وەك نمونەیەك

الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله ، وعلى آله وصحبه ومن تبعه بإحسان إلى يوم الدين ، أما بعد :

لەڕاستیدا جێی داخە کە ئاستی زۆرێك لە موسڵمانان و هەندێك لە فێرخوازان وای لێهاتبێت کە بێ گەڕانەوە بۆ لای پێشەوایان و گەورەزانایان بڕیار لەسەر پرس و باسە گەورەکاندا دەدەن و بەناو خەڵکانی موسڵمانی بڵاودەکەنەوە ، بەوەش دەبنە هۆی ئاشووب و بۆ خۆیان گەلانی موسڵمان ، بەشێوەیەك کە دواتر کەسانی دانا و حەلیمی تێدا سەرگەردان دەبێت !!! ئەو کارەشیان لەپرس و باسێکدایە ، کە ئەگەر لەسەردەمی خۆیدا بەسەر عومەری کوڕی خەتابدا ﷺ بهاتبایە هەموو هاوەڵانی ئەهلی بەدری بۆ کۆدەکردەوە ، بەڵام کەچی ئێستا بەبێ بایەخدان فەتوای جۆراوجۆری تێدا بڵاودەکرێتەوە ، بەو کارەش خوێن و ماڵ و شەرەفی موسڵمانانی تێدا بێ نرخ دەکرێت و لەناو دەبرێن ، بەبێ هیچ دەرەنجام و ئاکامێك کە شەریعەت هەوڵی بەدی هێنانی دابێت !!

خوای پەروەردگار فەرمویەتی : ﴿ وَإِذَا جَاءَهُمْ أَمْرٌ مِنَ الْأَمْنِ أَوِ الْخَوْفِ أَذَاعُوا بِهِ وَلَوْ رَدُّوهُ إِلَى الرَّسُولِ وَإِلَى أُولِي الْأَمْرِ مِنْهُمْ لَعَلِمَهُ الَّذِينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ﴾ ( النساء : ٨٣ ) ، پێشەوا ( السعدي ) . بە ڕەحمەت بێت . لەڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : ئەمە ڕێنماییەکە لەخوای پەروەردگارەوە بۆ بەندەکانی لەسەر ئەوەی کە ئەگەر کار و بارێکی گرنگ و بەرژەوەندیەکی گشتیان هاتەپێش کە پەیوەستبوو بە ئەمن و ئاسایش و خۆشگوزەرانی و ترسێك کە ئاشوبێکی لێدەکەوێتەوە ، دەبێت پەلەی تێدا نەکەن ، بەڵکو بگێڕدرێتەوە بۆ لای پەیامبەر ﷺ و کاربەدەستان و کەسانی خاوەن زانست و ژیری و ئامۆژگاریکار، ئەوانەی کە بەووردی کارەکان لێکدەدەنەوە و بەرژەوەندی و ئاکامی خراپی کردەوەکان دەزانن ، ئەو کاتەش بە زانست و ڕاوبۆچوونە تەندروستەکانیان بڕیاری دروستی تێدا دەن ( تيسير الكريم الرحمن : ٢/١١٢ـ١١٤ ) .

بێگومان تێکۆشان و جیهادیش یەکێکە لەو پرس و باسە گەورانەی کە ئەگەر هەر بڕیارێکی گەنجانە و نامەسئولانەی تێدا بدرێت لەلایەن کەسانێکی هەڵەشە و نەشارەزا و بەناو زاناوە ، ئەوا ئاکامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە . وەك لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا دەبینرێت !!! ـ !!! لە خوێن ڕشتن وکاولکاری و ئابڕوبردن و لەناودانی سامانەکان .... هتد .

شاراوەش نیە موسڵمانان و وڵاتانی ئیسلامی ـ بەهۆی نەگەڕانەوەیان بۆ لای پێشەوایان گەروە زانایان ـ تووشی گرفتی لەو جۆرە دەبێت ، و بەداخەوە ڕۆڵەکانی لەلایەن کەسانی هەلپەرست کە نامەسئولەوە پێشکەش بە مەرگ دەکرێت و دەبنە قوربانی !!! هەموو ئەوەش بەناوی ڕەونەقدار و درەوشاوە ، جارێك بەناوی بەهاری وڵاتان . کە لەڕاستیدا جگە لە دۆزەخ بۆ وڵاتان هیچی تر نیە . !!! ، و جارێکی تریش بەناوی هێنانەکایەی وڵاتی ئیسلام و بەرقەرارکردنی حوکمی خوا . کە خواستی هەموو موسڵمانێکە . ، کەچی لەڕاستیدا بەرقەرارکردنی دەسەڵات و پەیڕەوی گروپ و کۆمەڵانێکی تایبەتە !!! و هەندێك جاریش بەناو تێکۆشان و جیهادەوە ، کە جگە لە کاولکاری وبەکوشتدانی ڕۆڵەی موسڵمانان هیچی تر نیە !!! ، و چەندەها دروشم و ووتەی ڕەونەقداری تر !!!!

بۆیە پێویستە لەسەر موسڵمانان بەگشتی و فێرخوازانی ڕۆشنفکر و خاوەن هزر لە ڕووداوەکانی دونیای ئەمڕۆدا . لەوانەی کە وەکو شەپۆلی دەریا شەپۆلدەدەن و تووشی موسڵمانان دەبن ، و هۆکاری کاولکاری و داڕووخان و کوشتن و کوشتار و چەندەها نەهامەتی ترن . بگەڕێنەوە بۆ لای پێشەوایان و گەورە زانایان ، نەك بۆ لای بەناو زانا و کۆلکە خوێنەوارەکان !!!

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

**سەرنووسەر**

# سوودەکانی نەزەر نەکردن

الحمدُ لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين، الملقب بالصادق الأمين، المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله الطيبين الطاهرين. أما بعد:

**خوێنەرانی بەرِێزو ئازیز: خوای پەروەردگار چەند ئامرازێکی لەهەموو مرۆڤێکدا خولقاندووە ولەهەمان کاتیشدا هێزو ویستیشی پێ بەخشیوە کەبەهۆیانەوە بتوانێت کاری چاکە بکات و پاداشتی چاکتریشی بۆ داناوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام هەندێك جار بەهۆی شەیتان و نەفسەوە ئەو ئامرازانە تووشی لارِێ بوون دێن و خراپە و تاوان ئەنجام دەدەن، ئەوانەش بریتین لە : دڵ و زمان و ئەندامەکانی جەستە، ئێمە لەم نووسینەدا جەختمان لەسەر یەکێك لە ئەندامەکانە ئەویش چاوە.**




**چاویش لەچەندین دەقی ئایەت و فەرموودەدا فەرمان هاتووە بەداخستنی لەئاستی نامەحرەمداو بەرەڵانەکردنی بەویستی نەفس وئارەزوو بۆ ئەوەی خاوەنەکەی بەرەو هەڵدێر نەبات. خوای گەورە لەسوورەتی نووردا(سەبارەت بەهەردوو رەگەز) دەفەرموێت:** ﴿قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَى لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُولِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاءِ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِنْ زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٣١)﴾ **واتە: ئەی پێغەمبەر بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن(لە سەرنجدانی ئافرەتی نامەحرەم) هەروەها نامووس وعەورەتی خۆیان لەحەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان(بۆ دڵ ودەروون ورِواڵەت ورِۆح ولاشەیان) بەرِاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و رەفتارانەی کە دەیکەن. بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن لەتەماشای نامەحرەم وداوێنی خۆیان بپارێزن لەگوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە و با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیاندا و جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت، یان باوکی خۆیان، یان باوکی مێردەکانیان، یان کورِی خۆیان، یان کورِی مێردەکانیان، یان بۆ براکانی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئافرەتێك کە پەیوەندیان هەیە پێکەوە، یان کەنیزەك، یان ئەوانەی کەلە ماڵەکانتاندا دەژین وپێویستیان بە ئافرەت نیە(ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبووە ونازانن باسی عەورات بکەن) نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن بە زەویدا (تا دەنگی خشڵ و پاوەنەکانیان بێت) و بزانرێت کە زینەتدار و خشڵدارن، کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەو بگەرِێنەوە بۆ ئەوەی رزگارو سەرفەراز بن.**

**وە هەروەها ئێمەی موسڵمان فەرمان پێکراوین بەوەی نزیکی زینا نەکەوینەوە، کە بێگومان نەزەرکردن و سەیرکردنی ئافرەتان لەلایەن پیاوانی نامەحرەمەوەو بەپێچەوانەشەوە یەکێکە لە نزیکترین هۆکارەکانی تووش بوون بەزینا وداوێن پیسی وتەنانەت ئەویش بەزینای چاو ناسراوە.**

**جا بەرِێزان لێرەدا بەکورتی باسی سوود و چاکیەکانی**

چاوداخستن دەکەین بەرانبەر بەکەسی نامەحرەم کە پێشەوا (ابن قیم الجوزیة) بەڕەحمەت بێت باسی فەرمووە لە کتێبی (رَوضَةُ المُحِبِينْ وَنُزهةُ المُشتَاقِينْ ) بۆ ئەوەی زیاتر هاندەرمان بێت بۆ ئەو جۆرە عیبادەتە:

- پاڵفتەکردنی دڵ لە ئازارو ناڕەحەتی ئاه و حەسرەت کێشان: چونکە ئەو کەسەی چاوی بەرەڵابکات ئەوا حەسرەتی بەردەوام دەبێت، زیانبەخشترین شت لەسەر دڵ بەرەڵاکردنی چاوە چونکە ئەوەی پیشان دەدات کە ئارەزووی دەکات، تاوا لە دڵ دەکات ناتوانێت ئارام بگرێت لەسەر ئەو شەهوەتەو ناشتوانێت پێی بگات بە ئاسانی بۆیە لەو ناڕەحەتیەدا دەمێنێتەوە ودەخولێتەوە.
- چاو بەرەڵاکردن تاریکی دەهێنێت بەسەر دڵ و دەم وچاوو ئەندامانداوەکو چۆن چاوداخستن ڕووناکی ونورێك دەخاتە نێو دڵ و ناخ و دەم وچاوەوە.
- ئەگەر دڵ ڕووناك وپاڵفتە بوو ئەوا شارەزایی وچاوڕوونی لە ناسینی شتەکاندا بەدی دێت،چونکە دڵ وەکو ئاوێنەی پاك وایە هەرچی لەبەرانبەری بوەستێت وەکو خۆی پیشانی دەدات، و نەزەریش وەکو هەڵم وفووپیاکردن وایە بۆی هەتا نەزەرکردن زۆرتر بێت ئاوێنەکە تەڵخ دەبێت و لێڵیەك ڕووی ئاوێنەکە دادەگرێت!!
- چاوداخستن دەبێتە هۆی ئاسان کردن و کردنەوەی دەرگاو دەروازەی زانست وزانیاری وهۆکارەکانی بۆ ئاسان دەبێت تا وای لێ دێت بەهەوڵێکی کەم زانستێکی زۆری چنگ دەکەوێت.
- ئەوەی پێچەوانەی هەوا و ئارەزووی بکات شەیتان لێی دەترسێت: چونکە بەو کارە دڵ ئازاو دامەزراو و بەهێز دەبێت، هەندێك لە پیاوچاکان وتوویانە: خەڵکی بەدوای عیززەت وسەربەرزیدا دەگەڕێن لای دەرگای دەسەڵاتداران، بەڵام نایدۆزنەوە تەنها لەگوێڕایەڵی کردنی خوادا نەبێت، چونکە ئەوەی گوێڕایەڵی خوا بکات ئەوا خوا پشتیوانی وپشتگیری لێ دەکات وسەری دەخات وبەپێچەوانەشەوە.
- چێژی داوێنپاکی گەورەترە لەچێژی تاوان: چاوداخستن دەبێتەهۆی دڵخۆشی ودڵشادی و سنگفراوانیەك لەناخدا کە گەورەترو بەردەوامترە لە چێژو لەززەتی تاوان وسەرپێچی، چونکە لەفەرموودەدا هاتووە کە هەرکەسێك واز لەشتێك بهێنێت لەبەر خوا ئەوا خوا قەرەبووی دەکاتەوە بۆی بەشتێك لەوە باشتر.
- نەزەر دەرگای شەهوەتە و دەیوروژێنێت: هەرکەس ئەو دەرگایە بکاتەوە ئەگەری زۆری هەیە تووشی ئەو تاوانە بێت کە بەچاو سەیری دەکات و دڵ خوازیاری دەبێت و دەرگای شەیتان دەکاتەوەو زیاتر بەرەو هەڵدێر دەچێت، ئەوەش بزانە کە خۆشیەکەی کورتە وپەشیمان بوونەوەکەی ناخۆشتر ودرێژترە....
- چاو بەرەڵاکردن لە عەقڵ سووکیەوەیە: چونکە چاوداخستن دەبێتە هۆی بەهێزبوون وزیادبوون و دامەرزاوبوونی عەقڵ وهۆش، هەمیشە بیرکردنەوە لەچارەنووسی تاوان وسەرکێشی.
- نەزەر وەکو مەی وایە: چونکە چاوداخستن هەمیشە دەبێتە هۆی بەئاگایی مرۆڤ لەدڵ وئەندامەکانی جەستەی و لە بێئاگایی وسەرخۆشی دەری دەکات، و چاو بەرەڵاکردن بێ ئاگایی دەهێنیت بەسەردڵ وعەقڵدا، کەوابوو نەزەر کوپێکە لەشەراب و عاشق بوونیش حاڵەتی سەرخۆشیە، وە سەرخۆشی عەشق زۆر سەختترو خراپترە لەسەر خۆش بوون بە مەی وشەراب، چونکە سەرخۆشی مەی بەخەبەردێتەوە بەڵام سەرخۆشی عەشق دەگمەنە بەئاگابێتەوە وەکو ئەوە وایە لە ڕیزی مردووان بێت.

شایانی باسە نەزەر سوودو زیانی زۆرتری هەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکە درێژ نەبێتەوەو ئەمانەش گرنگترینیانن لەوبارەیەوە.

**پشتیوان حەسەن کەرەم / دەرچووی ئینگلیزی**

## فەزڵی ئارام گرتن لەسەر موسیبەت

**الحمد لله وحده ، والصّلاة والسّلام على من لا نبيّ بعده**

**خوای گەورە لە قورئان دا دەفەرموێت:**

( وَالْعَصْرِ * إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) العصر:١-٣

ابن كثير(رحمه الله) **لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت (الْعَصْرِ):ئەو کاتەیە کە ئینسان پێیدا تێپەڕ دەبێت لە خێر و لەشەڕ،( إِنَّ الْإِنْسَانَ لَفِي خُسْرٍ) سوێند بەخوای گەورە کە هەموو مرۆڤێك لە خەسارەت مەندی دایە،( إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ) ئەو ئینسانانەی دەرهێناوە لەخەسارەت مەندی دا کە بەدڵ ئیمانیان هێناوە ، وە کاری چاکە دەکەن بە ئەندامەکانی لاشەیان،( وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ) هەڵدەستێت بە تاعەت کردن و تەرك کردنی حەرامکراوەکان،( وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ) لەسەر موسیبەت و قەزاو قەدەر ، وە صەبر گرتن لەسەر هەموو ئەو کەسانەی کە ئەزیەتت دەدەن لەسەر ئەمر کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە[1]. وە لەو سورەتەوە دا بۆمان دەردەکەوێت کە خوای گەورە سوێندی بەکات خوارد [(٢)] کە هەموو ئینسانێك لە خەسارەتمەندی دایە، چەند کەسێکی جیاکردەوە لە خەسارەت مەندان یەکێك لەو کەسانە ئەو کەسە بوو کە ئارام دەگرێت لەسەر موسیبەت.**

**پێغەمبەری خواﷺ لە حەدیسێکدا دەفەرموێت:**

(( **الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآنِ -أَوْ: تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ: فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا**)) أخرجه مسلم في كتاب الطهارة برقم (٢٢٣)،

**واتە: پاکوخاوێنی بەشێکی ئیمانە، (الحمدلله) تەرازو پڕدەکات، (سبحان الله والحمدلله) نێوانی ئاسمانەکان و زەوی پڕدەکەن، نوێژ نوورە خێرکردن ڕاستی ئیمان و گوێڕایەڵی بۆ خوا سەلماندنە، ئارامگرتن ڕۆشناییە قورئانیش بەڵگەیە بۆت یان لەسەرت، خەڵکی هەموویان بەیانیان زوو دەڕۆن خۆیان دەفرۆشن، بەوەش یان خۆی ڕزگار دەکات، یان خۆی تیادەبات).**

**لە حەدیسێکی تردا پێغەمبەری خواﷺ دەفەرموێت:**

(( **عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ: إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ**)) صحيح مسلم "٨/ ٢٢٧

**، واتە: کارو باری بڕوادار جێی سەرسوڕمانە، هەموو کار و فرمانێکی هەر مایەی خێرە بۆی، ئەمەش بۆ هیچ کەس نیە جگە لەباوەڕدار، ئەگەر تووشی خۆشگوزەرانی ببێت سوپاسی خوا دەکات دەبێتە مایەی خێر بۆی، خۆ ئەگەر توشی زیانمەندی ببێت ئارام دەگرێت هەر دەبێتە مایەی خێر بۆی.**

((عَنْ عَطَاءُ بْنُ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: قَالَ لِي ابْنُ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه): **أَلَا أُرِيكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَي، قَالَ: هَذِهِ الْمَرْأَةُ السَّوْدَاءُ، أَتَتِ النَّبِيَّ (صلي الله عليه وسلم) قَالَتْ: إِنِّي أُصْرَعُ، وَإِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ لِي. قَالَ: (إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الْجَنَّةُ، وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ). قَالَتْ: أَصْبِرُ، قَالَتْ: فَإِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ أَنْ لَا أَتَكَشَّفَ فَدَعَا لَهَا**)). مختصر صحيح المسلم:(١٤٧٦)

---

[1] تفسير ابن كثير: ٤٨٠.

(٢) **ئەوەش لەبەر گرنگێتی ، بەڵام موسڵمان بۆی نیە سوێند بە جگە لە خوای گەورە بخوات ، چونکە ئەو کارە هاوەڵ بڕیاردانە و دروست نیە.**

واتە: (عطاء)ی کوڕی (أبی رباح) دەڵێ: (ابن عباس) (خوای لێ ڕازی بێت) پێی وتم: ئایا ئافرەتێکی بەهەشتیت نیشان بدەم؟ وتم: بەڵێ وتی: ئەو ئافرەتە ڕەش پێستە، هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر ﷺ وتی: من فێ دەمگرێ و خۆم دەردەخەم بۆم بپاڕێرەوە، فەرمووی: (ئەگەر دەتەوێت سەبرت هەبێت بەهەشتی دەبیت، وە ئەگەر دەشتەوێت بۆت دەپاڕێمەوە لە خوای بەرز و بڵند شیفات بدات) وتی: سەبر دەگرم، بەس خۆم دەردەخەم بۆم بپاڕێرەوە گیانم دەرنەخەم، بۆی پاڕایەوە).

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ئارامگرتن چ پاداشتێك و فەزڵێکی هەیە وە خوای گەورە چ پلەیەکی داناوە بۆ ئەو کەسەی کە ئارام دەگرێت لە کاتێ موسیبەتێکی بەسەر دێت ، هەروەك لە کوردەواری خۆشمان هاتووە ئارامگرتن تاڵە بەڵام بەرەکەی شیرینە ، بۆیە برای بەڕێزم ئەگەر کەسێکیت سوننەتێکی پێغەمبەرﷺ زیندوو دەکەیتەوە و خەڵکی ئاگادار دەکەیەوە لە بیدعەیەك ئەوا زۆ کەس ڕەنگە قسەت پێ بڵێت یاخود سوکایەتیت پێ بکات ، بۆیە تۆ ئارام بگرە لەسەری پاداشتت لای خوای گەورەیە، وە خوشکی بەڕێزم ئەگەر تۆ لە ترسی خوا حیجابێکی شەرعیت پۆشیوە و ڕەنگە کەسانێکی ناحاڵی لە دین گاڵتەت پێ بکەن و بە دوا کەوتوت لەقەڵەم بدەن ، ئەوا تۆ ئارام بگرە لەسەری خوای گەورە ئاگای لێتە و ئەجر و پاداشتت لای ئەوە.

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

سۆران عثمان، دەرچوی بەشی ئامار، ز.صلاح الدين.

# پزیشکی

## ئایا خواردنەوەی تایگەر زیانی هەیە بۆ تەندروستی ؟

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

ئەم جۆرە خواردنەوە قەدەغەکراوە لە چەندەها وڵاتی ئەوروپی یەوە. ئەم جۆرە خواردنەوە وەکو Tiger ووزەی تیایە بەڵام ماددەی کافاییینی زۆرە کە ماددەیەکی (سڕکەرە) بۆ دەمارگەلی گشتی کە ڕێژەکەی بەرز دەبێت لە خوێنە و ئەگەر زۆر بوو لێدانی دڵ زیاد دەکات بۆ ١٥٠ لێدان لە یەك خولەك لەگەڵ بەرزبوونی پەستانی خوێن و زیاد بوونی خوێن لە ماسولکەکان و کەمی خوێن لە پێستدا و کاڵی ڕەنگی دەموچاو و تووشبوون بە ژەهراوی ئەم ماددەیە وەکو زۆر جار دەبینرێت لە بەشەکانی فریاکەوتن (طواري) لە خەستەخانەکاندا.

ئەم ماددەیە دڵەڕاوکێ ی دەروونی (قلق) زیاد دەکات وەکو مخدرات و تێکچوونی شێوەی لێدانی دڵ وەکو باسمکرد لەگەڵ کێشەی نەخەوتن و سەرئێشە و زیاد بوونی ڕێژەی شەکرین لە خوێندا و خوێن بەربوون (نزیف) لە لووتەوە و زوو تێکچوونی ددان و زۆر میزکردن. ئەم جۆرە خواردنەوە ڕێژەی کافاییینی زۆرە ٣٢ ملیگرامە بۆ ١٠٠ مل (واتە لە یەك قوتوو ٨٠ ملیگرام کافاییینی تیایە) و هەندێکیان ڕێژەی ماددەکان و ووزەکانی نانووسن لەسەر قووتووەکە، کە چی دەبینین گەنجان دەیخۆن وا دەزانن کە ووزەی باشی تیایە، بەڵام مەترسی زۆرە. تەنها خواردنەوەی دوو قووتوو دەبێتە هۆی تووشبوون بە دڵەڕاوکێ ی دەروونی (قلق).

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

شێرزاد گەرمیانی
ماجستير وراثة / باحث في مجال الأمراض الوراثية الطبية
M.D.(Genetics)
Researcher in Medical Genetic Diseases

# مەرج نیە کردەوەی چاك بەهەموو شێوازێك چاك وشەرعی بێت

بەناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە، سوپاس وستایش بۆ بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان، سوپاس بۆ خوای گەورە بەو شێوەیەی کەشایەنی خۆی بێت .بەڕاستی ناسینی دوژمن وەك دۆست و هاوەڵ کارێکی زۆر ترسناکە، چونکە ئەگەر مرۆڤ دۆست و دوژمنی خۆی بناسێت بێ گومان خۆی لەدوژمنەکەی دەپارێزێت، مەگەر کەسێك زۆر گەوج وخراپەویست وناحەق ویست بێت ئەگینا کەس تاریکی ناوێت هەتا ڕوناکی هەبێت، وە بێ گومان بە تارکیدا بڕۆیت هیچ چاڵ وچۆلێەك وبەرزو نزمیەك نابینێت. ئەی باشە ئەگەر دوژمنەکەت نەناسی چۆنت بەسەر دێنێ گەر خۆتی تەسلیم بکەیت یان شوێنی بکەویت! بەتایبەت سەرسەختترین دوژمن کە شەیتانی نەفرەت لێکراوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ الشَّيْطَانَ لَكُمْ عَدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوّاً إِنَّمَا يَدْعُو حِزْبَهُ لِيَكُونُوا مِنْ أَصْحَابِ السَّعِيرِ ﴾ (فاطر ٦ ) .

واتە:بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئێوەیە، دەی ئێوەش بەدوژمنی خۆتانی بزانن، وەبەڕاستی ئەو شوێنکەوتووەکانی خۆی بەرەو دۆزەخ بانگهێشت دەکات.

جا ئەگەر خۆی و شوێن کەوتووەکانی نەناسی بەڕاستی بەرەو هەڵدێرت دەبەن، ئەم فێڵە تازە نیە کە شەیتان و شوێنکەوتووەکانی بە کاری دەهێنن بەڵکو یەکەمین مرۆڤێك کە باوکە ئادەمە (علیه السلام) توشی ئەو فیتنەیە بوو. ئەویش لەڕێگەی چاکەوە بۆی هات ئەوەبوو کەپێی وت ئەگەر لەو دارە بخۆی بەهەتا هەتایی لە بەهەشت دەمێنیتەوە، وە سوێندیشی بۆ خواردن کە ئەو ئامۆژگاریان دەکات و خێری بۆیان دەوێت، بەڵام ئامۆژگاری شەیتان ئەبێت چۆن بێت براکانم ! بەو شێوەیە زەفەری بەباوکی مرۆڤایەتی برد، دەبا ئێمەی نەوەی ئادەم (علیه السلام) بەگوێی فەرمایشتەکانی پەروەردگار بکەین کە دەرفەرموێ :

﴿يَا بَنِي آدَمَ لا يَفْتِنَنَّكُمْ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُمْ مِنْ الْجَنَّةِ... ﴾ (الأعراف ٢٧) واتە : ئەی نەوەکانی ئادەم با شەیتان توشی فیتنەتان نەکات و لەڕێ لاتان نەدات وەك چۆن باوك و دایکتانی لە بەهەشت دەرکرد ... هەروەها لەڕێگەی چاکەوە خەڵکی فێری شیرك وبت پەرەستی و قەبر پەرەستی کرد، وەك خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ ..وَالَّذِينَ اتَّخَذُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ مَا نَعْبُدُهُمْ إِلاَّ لِيُقَرِّبُونَا إِلَي اللَّهِ زُلْفَي...﴾(الزمر٢ ) واتە :... ئەوانەی کەسی تریان ئەکرد بەدۆستی و ئەولیاو جگە لە خوای گەورە، دەیانوت ئێمە ئەوانە ناپەرەستین بەڵکو ئەمانەوێت لەڕێگەی ئەم پیاوچاکانەوە لە خوای گەورە نزیك ببینەوە... ئەم وتانە ئێستاش نامۆ نیە لەناو ئوممەتی ئیسلامیدا کەخەڵکێکی زۆر شەخس و دار و بەرد ئەپەرەستن بەناوی ئەوەی کەلای خوای گەورە پیرۆزن و شەفاعەتکارن و چەندین شتی تر کەهەمووی ناوی چاك وشەرعی بەڵام پەرەستنێکی ناشەرعی .

کەواتە هەر لەڕێگەی چاکەوە توانی زۆریك لە نەوەکانی ئادەم فریو بدات بۆیە دەبێت زۆر وریابین کەچۆن خواپەرەستی دەکەین، وەبێگومان ناشزانین چۆن دەبێت هەتاوەکو لەڕێگەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) نەبێت ،و وە خۆمان تەسلیمی ئەمری خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صلى الله عليه وسلم) نەکەین ، وە دەبێت هەرکردەوەیەك ئەنجام بدەین بەئیخلاصی و نیەتپاکی و دڵسۆزیەوە بۆ خوای گەورە ئەنجامی بدەین وە بەو شێوازەش بێت کە پێغەرمبەر (صلى الله عليه وسلم) بۆمانی ڕون کردووەتەوە، ئەگینا ئەبین بە نێچیری داوی شەیتان.

**سامان جبرئیل**

**دەرچووی ئینگلیزی / زانکۆی سەلاحەدین**

## ئایا نزا -پاڕانەوە- لە قەدەری خوا ئەگۆڕێ؟

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبـي بعده :

نزاکردن هیچ ناگۆڕێ لە قەدەر و ئەوەی لای خوای گەورە نوسراوە ، قەدەر دوو جۆرە:

قەدەری جێگیر کە هەرگیز گۆڕانکاری نایە بەسەریا ،وە قەدەری هەڵواسراو :کە هەندێ لە قەدەرەکانی خوا بەستراون بە نزا کردن جا ئەگەر دوعا کرا ئەوا ئەو قەدەرە هەڵواسراو بە نزایە نامێنێ، وە هەروەها دەشێ هەڵواسرابێ بە نوێژەوە ئەگەر نوێژ بکا یان ڕۆژوو بگرێ خوا لێێ خۆش بێت، و لەسەری لاببات.ئەم جۆرەی قەدەر کە هەڵواسراوە خوای پەروەردگار لەسەر بەندەی هەڵئەگرێ بە ئەنجامدانی گوێڕایەڵی و کاری چاکە و تۆبە لە لایەن بەندەوە، جا قەدەرەکان بە قەدەرەکان چارەسەر ئەکرێ !هەر وەك ئیمامی عومەر-خوا لێی ڕازی بێ- فەرموویەتی کاتێ هەندێ لە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ لە جەنگی بەرەو کاتێ نەخۆشی تاعون لە وڵاتی شام بڵاو بویەوە ،ڕاوێژیان پێکرد کە بگەڕێتەوە وە هەندێکی تریان پێیان فەرموو کە نەگەڕێنەوە وبەردەوام بن لە ڕۆیشتنیان بۆ جەنگی شام...پاشان لەسەر ئەوە بڕیادرا کە بگەڕێنەوە مەدینە بۆ ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە نەبن،هەندێکیان-خوا لێیان ڕازی بێ- پێیان وت:لە دەست قەدەری خوا ڕا ئەکەی؟ئیمامی عومەر فەرمووی: لە قەدەری خوا ڕائەکەین بۆ قەدەری خوا! خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردووین کە نەڕۆینە ناویەوە -چونکە زەرەرمەندە- جا ئەگەر وازمان لە ڕۆشتن هێنا بۆناویان-جەنگ-ئەوا لە قەدەری خوا ڕامان کردووە بۆ قەدەری خوا(ئەمەیان زیانبەخش نیە) پاشان عبدالرحمن ی کوڕی عەوف-خوا لێی ڕازی بێ-هات بۆ لای پێی فەرموو کە پەیامبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کردووە کە نەڕۆنە هیچ شوێنێ کە تاعونی تیا بڵاو بوبێتەوە،هەربۆیە ئیمامی عومەر خوا لێی ڕازی بێ زۆر پێی دڵخۆش بوو کە بە پێی دەق جوڵاوەتەوە بە ڕاوێژکردنی بە هاوەڵان. هەروەها بەوشێوەیە مرۆڤ کە توشی نەخۆشی ئەبێ ئەوکات چارەسەر بەکاردێنێ کە بریتی یە لە ڕاکردن لە قەدەری خوا بۆ قەدەری خوا،برسی ئەبێ و خواردن ئەخوا تاوەکو برسێتیەکەی نەمێنێ،ئەمەش ڕاکردنە-ڕۆشتنە-لە قەدەری خوا بۆ قەدەری خوا..گەرمای توش ئەبێ ئاوی سارد ئەخوا وەیان خۆی ئەشوا ،وەیان نەخۆشی توشی چاوەکانی بێ ئەو کات هەموو چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بەکار ئەهێنێ بریتین لە ڕاکردن لە قەدەری خوا بۆ قەدەری خوا،بەم شێوەیە هەموو جۆرەکانی پەرەستش بریتین لە ڕۆشتن-ڕاکردن-لە قەدەری خوا بۆ قەدەری خوا.



پێشەوا"ابن باز" بەڕەحمەت بێ

وەرگێڕانی: کاروان عبدالرحمن

سکولی زانستە ئیسلامیەکان بەشی فیقە و ئوصولی فیقە

## ژیان بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکان دروستکراوە

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمدلله وحده، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده :

**خوای گەورە ژیانی دونیای بۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانی دروست کردووە تاوەکو چاکەکار و خراپەکار لەیەکتر جیاببنەوە ، و لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەرکەس بە پێی کردەوەی خۆی پاداشت وەربگرێت .**

**نابێت هیچ کەسیکی ژیر لەم دونیایەدا چاوەڕوانی ژیانێکی تەواو خۆشی بێ کێشە بکات، چونکە خوا سبحانە بەڵێنی تاقیکردنەوەی بەندەکانی داوە لەڕێگەی بەڵا و موسیبەتەکانەوە و خواش بەڵێنی خۆی ناشکێنێت و دەیباتەسەر ، وەکو فەرموویەتی :**

﴿ وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ ﴾(محمد : ٣١ )

**واتە : سوێند بە خوا تاقیتان دەکەینەوە تاوەکو تێکۆشەران و ئارامگرەکانتان بزانین و لە دونیادا ئاشکرا بین .**

**هەروەها فەرموویەتی :** ﴿ الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ﴾ ( الملك : ٢ ) .

**واتە : پەروەردگار مردن و ژیانی دروستکردووە بۆ ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کامتان کردەوەی چاکترە .**

**کەواتە تا لە دونیادا بیت هەر بەڵا و ناخۆشیت بەسەردا دێت .**

*** تاقیکردنەوەت بە پێی باوەڕەکەتە**

**پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا – صلى الله عليه وسلم – : " أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلَاءً؟ " واتە : کێ لەناو خەڵکیدا بەڵای لە هەمووی قورسترە؟ ئەویش فەرمووی :**

"الْأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْأَمْثَلُ فَالْأَمْثَلُ فَيُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ دِينُهُ صُلْبًا اشْتَدَّ بَلَاؤُهُ وَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ ابْتُلِيَ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ ".(رواه ابن ماجه وصححه الألباني) .

**واتە : پێغەمبەران پاشان پیاوچاکان ( بە پێی پلەیان ) ، پیاو ( هەروەها ژنیش ) بە پێی دینەکەی تاقی دەکرێتەوە ، ئەگەر دینی پتەو بێت ئەوا بەڵای قورستر دەبێت ، ئەگەریش دینەکەی لاوازی تێدا بێت ئەوا بە گوێرەی ئەوە تاقی دەکرێتەوە .**

*** لە پێش دابەزینی بەڵا و موسیبەت چی دەکەیت؟**

**پێش دابەزینی بەڵا داوای سەلامەتی و لەشساغی لە خوای گەورە بکە، و نەکەی وەکو ئەو کەسانە بیت کە خۆزگە دەخوازن بەڵایان بەسەردا بێت، چونکە تۆ نازانیت ئایا لەو کاتەدا ئارام دەگریت یاخود پەنا بە خوا هەڵدەگەڕێیتەوە لە ئاینەکەت و کوفر دەکەیت .**

*** لە پاش دابەزینی بەڵا و موسیبەت چی دەکەیت؟**

**لێرەدا مەبەستمان لە بەڵا و موسیبەت هەموو ناخۆشیەکە کە بەسەر مرۆڤدا دێت لە نەخۆشی ، مردنی خۆشەویستان ، خەم و خەفەت و بێتاقەتی و .... هتد**

**لە کاتی توشبوون بە بەڵا :**

**أ . زۆر دوعا بکە و لە خوای گەورە بپاڕێرەوە، و بزانە کە کەس توانای لابردن و سووککردنی ئەو ناخۆشیەی نیە کە بەسەرتدا هاتووە جگە لە الله، وە هەر ئەویشە وەڵامی پاڕانەوە دەداتەوە و بەهانای لێقەوماوەنەوە دێت ، هەروەکو فەرموویەتی :** ﴿ وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ ﴾ (غافر : ٦٠ ) .

**واتە : پەروەردگارتان فەرموویەتی لێم بپاڕێنەوە وەڵامتان دەدەمەوە .**

**ب . ئارام بگرە " صبر " ، واتە : زمان و ئەندامەکانی تری لاشەت بگریت و بپارێزیت لە توڕەبوون و بێزاری دەربڕین لەو ناخۆشیەی کە تووشت بووە .**

**بۆ ئەوەی ئارام گرتنیشت لەسەر ئاسان بێت بیر لەم شتانە بکەرەوە :**

**١ . ئەگەر ئارام نەگریت چی دەکەیت ؟**

**هیچ شتێکت پێناکرێت جگە لە ناشوکری و خۆ تاوانبارکردن چونکە هەموو شتێك بەدەستی ئەو خوایەیە کە ئەو ناخۆشیەی بەسەردا هێناویت .**

**٢ . بیر لە پاداشتی ئارامگرەکان بکەرەوە :**

پێغەمبەری خوا – صلی الله علیه وسلم – فەرموویەتی : " مَا مِنْ مُصِيبَةٍ تُصِيبُ الْمُسْلِمَ إِلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا عَنْهُ حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا " ( البخاري : ٥٦٤٠ ) .

واتە : هەر موسیبەتێك تووشی موسڵمان ببێت ئیللا خوا بە هۆیەوە لە تاوانەکانی دەسڕێتەوە هەتا ئەگەر دڕکێکیش بچێت بە لەشیدا .

٣ . لەوانەیە پلەیەکت بۆ دانرابێت لە لای خوای گەورە بەو بەڵایە نەبێت پێی نەگەیت، وەکو پێغەبەری خوا – صلی الله علیه وسلم – فەرموویەتی : " إِنَّ الرَّجُلَ لَتَكُونُ لَهُ الدَّرَجَةُ عِنْدَ اللَّهِ لا يبلغها بِعَمَل حَتَّى يُبْتَلَى بِبلاء فِي جسمِهِ فَيَبْلُغُهَا بِذَلِكَ " ( حسن / ابن حبان : ٢٩٠٨ ) .

واتە : بێگومان پیاوی واهەیە پلەیەکی بۆ دانراوە لە لای خوا بە کردەوە پێی ناگات تاوەکو تووش دەبێت بە بەڵایەك لە جەستەیدا ، جا خوا بە هۆی ئەو بەڵایەوە دەیگەیەنێت بەو پلەیە .

٤ . ئەو بەڵایەی بەسەر تۆدا هاتووە سوکترە لە بەڵای کەسانی تری دەورووبەرت ، جا بۆیە سوپاسی خوا بکە کە بە گەورەتر تووشی نەکردوویت .

٥ . بزانە ئەو ناخۆشیەی تووشت هاتووە ماوەیەکی کەمە و لادەچێت بە ویستی خوا سبحانە، جا بۆیە هەوڵ بدە ئەو ماوە کەمە بە جوانی بەڕێ بکەیت و ببیتە یەکێك لە ئارامگرەکان .

٦ . ئەو ناخۆشیانەی کە بەسەر موسڵماندا دێت لە دونیادا بۆ سڕینەوەی تاوانەکانی و پلە بەرزکردنەوەیەتی ، جا وریابە .

٧ . ئەو موسڵمانانەی تووشی بەڵا دەبن خوای گەورە خۆشی دەوێن – إن شاء الله –، چونکە پێغەمبەری خوا – صلی الله علیه وسلم – فەرموویەتی : " إِنَّ اللَهَ إِذَا أَحَبَّ قَوْمًا ابْتَلَاهُمْ " ( أخرجه الترمذي وحسنه الألباني )

واتە : ئەگەر خوا گەلێکی خۆش بوێت تاقیان دەکاتەوە

والحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله

**إدريس محمود / دەرچووی یاسا**

## سیفاتەکانی کەسی سەرفراز

بێگومان هەموو مرۆڤێك هەمیشە وێڵە بەدوای ئەو شتەدا کە دەبێتە مایەی ڕزگاری و سەرفرازی و سەرکەوتنی ئەمە بۆ ئەم دونیا کە لای هەموو کەس بوونی هەیە ، بەڵام ئەگەر بێینە سەر کەسی ئیماندارو موسوڵمان تەماشا دەکەین هەمیشە ئاواتی ئەوەیە کە سەرفرازی هەردوو دونیا بێت ، چ ئەم دونیا کە تیایدا دەژی وە چ ئەو دونیا کە پاش مردنی بۆی دەچێت و ژیانێکی نەبڕاوەی هەتا هەتایی یە ، بۆیە هەوڵ دەدەین بەپشتیوانی پەروەدگار چەند هۆکارێك بخەینە سەر کاغەز کە هەمووی لەکتێبە پیرۆزەکەی خوای گەورەوە دەستمان کەوتووەو دەیخەینە بەرباس ، ئەو هۆکارانەش :

١_ باوەڕهێنان بەخودای تاك و تەنها : هەروەکو خوای گەورە دەفەرموێت : (قَدۡ أَفۡلَحَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ).(المؤمنون : ١).

واتە " بەڕاستی ئیمانداران سەرفرازن ".

٢_ پارێزگاریکردن و لەخواترسان : خوای گەورە فەرموویەتی : (وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ).(البقرة : ١٨٩).

واتە " خۆپارێز بن و تەقواتان بێت بۆ ئەوەی سەرفرازبن ".

٣_ زیکرو یادی خوا : خوای گەورە دەفەرموێت : (وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ).(الأنفال : ٤٥).

واتە " زۆر یادو زیکری خوای گەورە بکەن بۆئەوەی سەرفرازبن ".

٤_ سوپاسی خوای گەورە لەسەر نیعمەت و بەخششەکانی : خوای گەورە فەرموویەتی : (فَٱذۡكُرُوٓاْ ءَالَآءَ ٱللَّهِ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ).(الأعراف : ٦٩).

واتە " نیعمەت و بەخششەکانی خوای گەورە بهێننە یادی خۆتان و سوپاسی لەسەر بکەن بۆئەوەی سەرفرازبن ".

٥_ ئەنجامدانی کاروکردەوەی چاك : پەروەردگارمان فەرموویەتی: (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱرۡكَعُواْ وَٱسۡجُدُواْ وَٱعۡبُدُواْ

رَبَّكُمۡ وَٱفۡعَلُواْ ٱلۡخَيۡرَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ)(الحج : ٧٧).

**واته " ئەی ئەوانەی کەوا ئیمانتان هێناوە بچەمێنەوەو کڕنوش بەرن ، و خوای گەورە بپەرستن و کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدەن تاوەکو سەرفراز بن".**

**٦_ پاککردنەوەو تەزکیەی دڵ و دەروون لەئاکارو سیفەتی خراپ و ناشیرین : خوای گەورە دەفەرموێت :** (قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا).(الشمس : ٩).

**واته " سەرفراز ئەو کەسەیە کەدڵ و ناخی لەتاوان و خراپەکاری پاک دەکاتەوە ".**

**٧_ تەوبەکردن و گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە پاش ئەنجامدانی تاوان و سەرپێچی : خوای گەورە دەفەرموێت :** (وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ).(النور : ٣١).



**واته " ئەی ئیمانداران هەمووتان بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگارو تەوبە بکەن لەتاوانەکانتان بۆئەوەی سەرفراز بن ".**

**٨_ خۆ نزیککردنەوە لەخوای گەورە بەئەنجامدانی کاری چاك و تەقوای خوای گەورەو تێکۆشان لەپێناوی خوای گەورە : خوای گەورە دەفەرموێت :** (يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱبۡتَغُوٓاْ إِلَيۡهِ ٱلۡوَسِيلَةَ وَجَٰهِدُواْ فِي سَبِيلِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ).(المائدة : ٣٥).

**واته " ئەی ئەو کەسانەی کەئیمانتان هێناوە لەخودا بترسن و تەقوای خوای گەورە بکەن هەموو ئەو ڕێگایەش بگرنە بەر کە ڕەزابوونی خوای گەورەی لەسەرەو تێکۆشان و جیهاد بکەن لەپێناو سەرخستنی دینەکەی خودا تاوەکو سەرفرازبن ".**

**٩_ دوورکەوتنەوە لەتاوان وسەرپێچی و خواردنی حەرام و قەدەغەکراوەکان : وەکو خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝٩٠﴾ المائدة

**واته " ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە بێگومان بن کە (مەی خۆری و کاغەزی قومارو یانسیب و ئەو شوێنانەی کە ئاژەڵی تێدا سەربڕاوە بۆ غەیری خوا لەپێش ئیسلام و فاڵگرتنەوە بۆ دەستکەوتنی بەخت ) هەموو ئەمانە پیسن و لەکارو کردەوەی شەیتانن بۆیە خۆتانی لێ بەدوور بگرن بۆئەوەی سەرفرازبن ".**

**کەواتە خوێنەرانی خۆشەویست هەموو ئەم خاڵانەی کە باسکران دەبنە مایەی سەرفرازی جا چ لەدونیا بێت یاخود لەدواڕۆژ ، بۆیە خوای گەورە بەڕەحم و میهرەبانی خۆی سەرفرازی دونیاو قیامەتمان بکات .**

**وەرگیراوە لەنوسینێکی (ابراهيم الشملان) بەدەستکاری یەوە.**

**ئا \ هیوا محمد**

**(دەرچووی بەشی کوردی :ک.پ.کەلار)**

# نەمانی نیعمەت و دابەزینی نیقمەت

الحمدلله والصلاة و السلام على رسول الله..

سڵاو لە هاوڕێیان وخوێنەرانی ئازیز لە وەرزی سەرما و سۆڵەی پڕخێرو بەرەکەت...خوێنەرانی بەڕێز.. لێرەدا زنجیرە بابەتێك لەسەر زیان وشوێنەوارەکانی گوناە و تاوان لەسەر بەندە کە لە کتێبی ( "الداء و الدواء" ابن القيم الجوزية – رحمه الله ) ئەخەمە بەرچاوی ئێوەی ئازیز بە هیوای ئەوەی کەبەیەکەوە لێی سودمەندبین و بیکەینەی مەشخەڵی ڕێگای بەرەو خوا چونمان.

یەکەم/ ((نەمانی نیعمەت و دابەزینی نیقمەت))

خوای گەورە هیچ شتێك لە کەسێك ناگۆڕێت هەتا ئەو کەسە خۆی لە خۆیدا نەیگۆڕێت ئیتر بە ڕاست بێت یا بەچەپ،لێرەدا ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرمووێت یەکێك لە سزاکانی تاوان نەمانی نیعمەت و دابەزینی نیقمەتە بۆ سەر بەندە ،هیچ نیعمەتێك لە بەندە وەرناگیرێتەوە تەنها بە گوناە وتاوان نەبێت وە هیچ سزایەکیشی بۆ دانابەزێت تەنها بەگوناە و تاوان نەبێت، لەبەرامبەریشدا هیچ سزایەك لەسەر بەندە لانابرێت تەنها بە تەوبەکردن و وازهێنان لە گوناە نەبێت وەکو عەلی کوڕی ئەبوتالیب (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت " ما نزل بلاء إلا بذنب ،ولا رفع بلاء إلا بتوبة " واتە : هیچ بەڵایەك دانەبەزیوە ئیللا بەهۆی گوناهەوە نەبێت ، وە هیچ بەڵایەکیش هەڵنەگیراوە بەهۆی تەوبەوە نەبێت .

خوای گەورە ومیهرەبان هەمیشە بە دادپەروەری لەگەڵ بەندەکانی هەڵسوکەوت دەکات،دەفەرمووێت: ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ ‹سورة الشورى : ٣٠ › وە لە هەمان کاتیشدا دەرگای ڕەحمەت و بەزەیی بە ڕووی بەندەکانی والایە ، ئەفەرمووێت : ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَىٰ قَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ ‹ سورة الأنفال :٥٣ ›

لێرەدا خوای گەورە پێمان دەفەرمووێت هیچ نیعمەتێك کە بە بەندەکانی داوە نایگۆڕێت هەتا خۆتان بڕیارنەدەن بیگۆڕن ، لە چاکە بۆ خراپەکاری و بە پێچەوانەشەوە وە شوکرانە بژێری بۆ کوفرانەکردنی نیعمەت ، لە گرتنە بەری هۆکاری ڕەزابوونی خوا بۆ تووڕبوون خوای گەورە ،ئەگەر بەندە هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕی ئەوا لەسەری دەگۆڕێت ، گۆڕینەوەی تاوان بە چاکە و گوێڕایەڵبوون ئەوا خوای گەورە خوا سزاکەی دەکات بە نازونیعمەت و ، زەلیلی و سەرشۆڕی بۆ ڕێزو عیزەتی نەفس.قال تعالى : ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَإِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِقَوْمٍ سُوءاً فَلَا مَرَدَّ لَهُ وَمَا لَهُمْ مِنْ دُونِهِ مِنْ وَالٍ﴾ ‹سورة الرعد : ١١ ›

شاعیر جوان دەڵێت :

إذا كنت في نعمة فارعها – فإن الذنوب تزيل النعم
وحطها بطاعة رب العباد– فرب العباد سريع النقم
وإياك والظلم مهما استطعت– فظلم العباد شديد الوخم
وسافر بقلبك بين الورى– لتبصر آثار من قد ظلم
فتلك مساكنهم بعدهم – شهود عليهم ولا تتهم
وما كان شيء عليهم أضر – من الظلم وهو الذي قد قصم
فكم تركوا من جنان ومن– قصور وأخرى عليهم أطم
صلوا بالجحيم وفات النعيم –وكان الذي نالهم كالحلم

نیقمەت واتە : سزای خوای گەورە

حيدر عدنان كريم/ پزیشکی دەرمانساز

سەرچاوە: الداء و الدواء" ابن القيم الجوزية

قال معاذ بن جبل (رضي الله عنه):(( عليكم بالعلم ، فإن طلبه عبادة، وتعلمه لله حسنة ، وبذله لأهله قربة ، وتعلمه لمن لا يعلمه صدقة ، والبحث عنه جهاد ،ومذاكرته تسبيح )) الدليمي ٤١/٢ ،فتاوي إبن تيمية ٤٢/٤ واتە: پێویستە لەسەرتان بەدوای زانیاریدا بگەڕێن، چونکە گەڕان بەدوای زانیاریدا عیبادەت و خواپەرستییە، هەروەها فێربوونی زانیاری خێرو چاکەیە، گەیاندنی زانیاری بە خەڵك نزیك بوونەوەیە لە خوای گەورە، فێرکردنی ئەو کەسەی، کە نایزانێت خێرە،گەڕان بەدوایدا تێکۆشانە، هەروەها وەبیر هێنانەوەی زانیاری زیکرو یادی خوایە.

# هەڵبژاردنی هاوڕێی چاك سوودی هەیە بۆ دونیا و دوا ڕۆژ

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

وبعد..

هاوڕێیەتی کەسی چاك گەورەترین نیعمەتە ئەگەر خوای بەخشندەو میهرەبان ببیەخشێت بەکەسێك ، وەئەگەر بەخشی بەکەسێك ئەوا بێویستی بە شکرو سوپاسو پێزانین هەیە ، چونکە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) فەرمویەتی:هاوڕێی باش وەکو کەسێك وایە کە بۆن(عەتر) فرۆشبێت ئەگەر بۆنی خۆشتیش لیٚ نەدا ئەوا هەر بۆنی خۆشی لیٚ هەڵدەمژی ، وەهاوڕێی خراپ وەکو کەسێك وایە کە ئاسنگەربێت ئەگەر نەت سوتێنێت خۆ هەر بۆنی ناخۆشی لیٚ هەڵدەمژێت، وەهەروەها بۆئەوەی بە بەردەوامی ئەو دونیا و ڕۆژی قیامەتت بیربخاتە وە ڕەوشتی چاکیان لیٚ وەر بگریت ، وەلەبەر ئەوەی جنسی مرۆۋ وایە دەورو پشتی کاری تێدەکات وە لەبەر ئەوەیە کەپێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی (الْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلْ) (حسنه الألباني)

واتە:. مرۆۋ لەسەر دینی خۆشەویستەکەیەتی وەسەیر بکەن بزانە کێت خۆش دەویٚ.

بەڕاستی ئەو کەسەی کە دادەنیشێت و هاوڕێیەتی چاکەکاران دەکات بەرەکەت و خێر و فەڕی مەجلیسەکەیان دەیگرێتەوە ، وە ئەو خێرە کە دەستی ئەوان دەکەوێت ئەویش دەگرێتەوە ئەگەر چی کردەوەی ئەو کەسەش نەگاتە ئاستی ئەوان ، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم فەرموودەیەیە : خوای گەورە هەندێك فریشتەی هەیە بە ڕێگاوبانەکاندا دەسوڕێنەوە و بە دوای مەجلیس و کۆڕی زیکر خوێنەکاندا دەگەڕێن ، جا ئەگەر خەڵکانێکیان دۆزیەوە کە زیکر و یادی خوا دەکەن بانگی یەکتر دەکەن :

وەرن بۆ لای پێویستیەکەتان . ئەوەی کە بە دوایدا دەگەڕێن . ، ئەوانیش دەوریان لێدەگرن بە باڵەکانیان تاوەکو ئاسمانی دونیا ..

پەروەردگاریان پرسیاریان لیٚ دەکات . لە کاتێکدا کە ئەو زاناترە لەوان بە حاڵیان . ئایا بەندەکانم چیان دەوت ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : خوایە تۆیان پاك ڕادەگرت لە کەم و کوڕی و تۆیان بە گەورە دادەنا و سوپاس و ستایشی تۆیان دەکرد و تۆیان بەرز ڕادەگرت ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا منیان بینیوە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار تۆیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر منیان ببینایە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : ئەگەر تۆیان ببینایە ئەوا زیاتر تۆیان دەپەرست و زیاتر تۆیان بەرز ڕادەگرت و زیاتر تۆیان پاك ڕادەگرت لە کەم و کوڕی ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا داوای چیان دەکرد ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : داوای بەهەشت دەکەن ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا بەهەشتیان بینیوە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار بەهەشتیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر بەهەشتیان ببینایە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : ئەگەر بەهەشتیان ببینایە ئەوا زیاتر سور دەبوون لەسەر بەدەست خستنی و زیاتر بە دوایدا دەگەڕان و زیاتر حەزیان لێدەکرد ..

خوای گەورە دەفەرمویٚت : ئایا پەنایان لە چی دەگرت؟

فریشتەکانیش دەڵێن : پەنایان دەگرت لە ئاگری دۆزەخ ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا ئاگری دۆزەخیان بینیوە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : نەخێر سوێند بە خوا ئەی پەروەردگار ئاگری دۆزەخیان نەبینیوە ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئایا چۆن دەبوو ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینایە ؟

فریشتەکانیش دەڵێن : ئەگەر ئاگری دۆزەخیان ببینایە ئەوا زیاتر ڕایان لێدەکرد و خۆیان لێ دوور دەخستەوە و زیاتر لێی دەترسان ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئێوە دەکەم بە شایەت لەسەر ئەوەی کە من لێیان خۆش بووم .

فریشتەیەك لە فریشتەکان دەڵێت : فلانە کەسیان تێدایە لەو کەسانە نی یە کەوا زیکریان دەکرد بەڵکو بۆ کارێکی پێویست هاتبوو ..

خوای گەورە دەفەرموێت : ئەوانەی مەجلیسی زیکر دەگێڕن کەسانێکن ئەو کەسەی لەگەڵیاندا دابنیشێت بەد بەخت نابێت .

وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : فلانە کەسیان تێدایە بەندەیەکی تاوانبارە و هەڵەی زۆرە بەڵام بە لایاندا تێپەڕ بووە و ئەویش لەگەڵیاندا دانیشتووە .

خوای گەورە دەفەرموێت : لەویش خۆشبووم ، ئەوانە خەڵکانێکن ئەو کەسەی لەگەڵیاندا دابنێشێت بەد بەخت نابێت . (صحيح مسلم)

**سارا عادل مجید/ دەرچووی : پەیمانگای تەکنیکی کەلار**

> **شێخ ( عبد الرحمن السعدی ) ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرموویەتی : هاوڕێیەتی کردنی چاکەکاران : زانستە بە سوودەکان و ڕەوشتە جوانەکان و کردارە چاکەکان مسۆگەر دەکات ، وە هاوڕێیەتی کردنی خراپەکاران لە هەموو ئەوانەی سەرەوە بێ بەش و مەحروم دەکات .**
>
> [ بهجة قلوب الأبرار ص : (٢٢٦) ]

## پەیامێك

سڵاوی خوای گەورە لەهەمووتان بێت ، داواکارم لە خوای گەورە بەرەکەتدارمان بکات لە هەر کوێ هەین ، چونکە بەڕاستی بەرەکەتداری ئەو پەڕی شکۆیە بۆ موسڵمان ، چونکە ماهییەتی بەرەکەت بریتیە لەوەی مرۆڤ بەکەڵك بێت ، بەکەڵك بوونیش بەوە دەبێت کە شتێکی تیا بەسەر بێت ، ئەوەش بەوە دەبێت کە پێش هەموو شتێك خۆی کەڵکی بینیبێت ئەگینا چ مانایەکی هەیە ئەگەر بەبێ ئەوەی کەڵکی لە شتە بەسودەکان بینیبێت سود بگەیەنێت بە خەڵکی ..!؟ سود و کەڵك بینینش بەوەیە کە مرۆڤ بە زانست بێت زانستیش بەکەڵك نابێت هەتاوەکو کردار نەیپارێزێنێتەوە ، کرداریش کاتێ بە تەواوەتی جوان دەبێت کە بانگەوازی لەگەڵدا بێت ، بانگەوازیش پێویستی بە تێگەیشتنی ورد و ئارامگری و مەودا بینین هەیە ، ئەگەر لە مرۆڤێکدا زانست و کردار و بانگەواز و دانایی و ئارامگری بەدیهات ، ئەوا ئەو کاتە دەتوانێ سود بەخش بێت و هەوێنی ئارامی و چارەسەر بێت. چونکە هەرکات تاوانی کرد تۆبە دەکات ، کرداری کرد بە بەرچاو ڕوونی دەیکات ، بانگەوازی کرد بە دانایی و ئەمەکەوە ئەنجامی دەدات .. ئەمەش بەڕاستی ئەو بەرەکەتەیە کە خودا بە بەندە تایبەتەکانی دەیبەخشێت و سەرکەوتوویان دەکات لە کارەکانیاندا پەروەردگارا بەرەکەتی خۆتمان پێ ببەخشێت.. ئامین

**بلال جلال / دەرچووی فیزیك**

> **( داود الطائي ) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێ :**
>
> **هاوڕێیەتی لە خواترسـان و خۆپـارێزەران لە تـاوان بکە ، چونکە ئەوانە لە هەموو خەڵکی دونیا کەمتر ئەرکیان هەیە بە سەرتەوە ، وە لە هەموویان زیاتر هاوکاریت دەکـەن .** كتاب الإخوان
>
> ص : (١٢٤)

## دە چرپە بۆ گوڵەکانی کۆمەڵگا تا وشکنەبونەتەوە

بەشی دووەم و کۆتایی

الحمد لله الذي خلق الإنسان في أحسن تقويم والصلاة والسلام على محمد النبي الأمي الكريم.. وبعد:

### چرپەی شەشەم:

خوشکە ئازیزەکەم، بەردەوام هەوڵبدە چاکەی زیاتر کۆبکەیتەوە و لە دووڕوی و حەسوودی دووربیت تا ببیتە یەکێك لەوانەی پێشەنگیت بۆ چونە ناو ئەو بەهەشتەی کە خۆشیەکەی نەبڕاوەیە، هەروەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: {وَفِي ذَٰلِكَ فَلْيَتَنَافَسِ الْمُتَنَافِسُونَ} (المطففين:٢٦) واتە: جا ئەوانەی کە پێشبڕکێ و پێشدەستی دەکەن با لەوەدا پێش دەستی و کێبەرکێ بکەن و هەوڵبدەن بۆکارو کردەوەی چاك.



لەبەرئەوە خوشکەکەم تەمەنێك و ڕێگایەکی دور و درێژت لەپێشە ئیمانت بەرزبکەرەوە و خۆت پڕ چەك بکە بە گوێڕایەڵی کردنی خوا و پێغەمبەری خوا – صلَّى الله عليه وسلَّم – إن شاء الله لە بەهەشتیان دەبیت.

### چرپەی حەوتەم

بەردەوام بە لەسەر وەرگرتنی زانیاری زیاتر و زیاتر دەربارەی حوکمەکانی ئاینی ئیسلام و گرنگیدانی زیاتر بە بواری عقیدە و ئەو بابەتە فیقهیانەی کە پەیوەندیدارن بە ئافرەتان و فێربوونی چۆنیەتی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و چەندین بابەتی گرنگی تر و ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە کەسانی متمانە پێکراو نوسیویانە و لەبەرکردنیشیان .... و ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوات – صلَّى الله عليه وسلَّم – لەبیر بێت کە دەفەرموێت: {ومن سلك طريقًا يلتمس فيه علمًا، سهل الله له به طريقا إلي الجنَّة} (رواه مسلم ٢٦٩٩)

### چرپەی هەشتەم:

ئەی خوشکە بەشەرمەکەم.... تا ئێستا مێژوو چیرۆکی ژیانی ئافرەتانی سەرکردەمان بیردەهێنێتەوە ئەو ئافرەتانەی کە بە شەو و ڕۆژ هەوڵیاندەدا و تێدەکۆشان و نەوەی بەسوودیان پێشکەش بە کۆمەڵگا کردوە لە کۆنەوە وتراویشە: (وراء كلِّ تربيةٍ عظيمةٍ امرأةٌ عظيمةٌ..) ئایا تۆ هەوڵی ئەوەت داوە ببیتە دایکێکی نمونەی بۆ کچ و کوڕەکانت؟ تا ئەوانیش لە دواڕۆژدا کۆمەڵگا بەرەو داڕمان نەبەن.... ئەویش بەوەی کە خۆشەویستی دینەکە و نەتەوەکەی لە دڵیدابێت و خۆی بەخت بکات لە پێناویاندا.. خوای گەورە دەفەرموێت: {وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ} –التَّوبة: ١٠٥- واتە: ئەی پێغەمبەر! بە هەموو ئەو خەڵکە بڵێ: کاری خۆتان بکەن، بێگومانبن کە خوای گەورەو، پێغەمبەرەکەیی و، موسڵمانان بەرهەمی کردەوەکانتان دەبینن ، واتە: هەر شتێ بکەن خوا پێغەمبەرو ئیمانداران لێ بەئاگا دەکات، هەر چەند بەدزیی و بەنهێنیش بیکەن.

### چرپەی نۆیەم:

ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی ژیانی ئافرەتانی پێشین –خوای گەورە لیان ڕازی بێت– ئەگەر بەڕاستی بتەوێت خۆت بدۆزیتەوە و ئیتر شوێن حەق و ڕاستی بکەویت ئەچیت ژیانی ئەوان ئەخوێنیتەوە.. خوشکەکەم لە خۆت بپرسە بۆ من وەك هاوەڵەژنەکان (صحابيات) نیم؟؟ بۆ ئەو ڕێز و گەورەیەی کە ئیسلام پێتی ئەبەخشێت ناتەوێت و دوای دونیای فانی ئەکەویت؟؟؟ خوشکەکەم لە پێشینانمان ئافرەتی وا هەبووە کە زستان ئەهات شەوەکەی جلی کەم و تەنکی لەبەر ئەکرد، ئەزانی بۆ؟؟ تا شەو زۆر نەخەوێت و لە شەو نوێژ بێبەش نەبێت، ئێستا تۆ تا بانگی بەیانی بە

**دیار فەیس بوك و چات دا ئەنیشیت بێئەوەی خەوت بێت بەڵام ئەگەر بڵێم وەرە با دوو دەقیقە بپاڕێینەوە لە خوای گەورە والله ئەڵێیت ئەم شەو ناتوانم خەوم دێت با هەڵی بگرین بۆ شەوێکی تر کە هەرگیز ئەو شەوەی تر نابینمەوە.**

## چرپەی دەیەم:

**خوشکم، هەتا دەتوانیت خوشکانی تر ئاگاداربکەرەوە و گرنگی فێربونی زانستە شەرعیەکەیان بۆ ڕونبکەرەوە تا ببیتە یەکێك لەوانەی خوای پەروەردگار پێیان دەفەرموێت:** {وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ} -آل عمران: ١٠٤- **واتە: پێویستە هەمیشە کۆمەڵ و دەستەیەك لەئێوە ببێت ئەی موسڵمانان! فەرمان بەچاکە بدەن و، ڕێ لەخراپە بگرن دیارە ئەوانەن سەرفرازو بەختیارکە بەلێبڕاوانە هەڵدەسن بەوکارە پیرۆزەو خۆیانی بۆ یەکلا ئەکەنەوە ، بەڕاستیی و دروستیی. چونکە تا ئێستاش چەندەها خوشك هەن پێویستیان بە یارمەتی کەسانی وەك تۆ هەیە و ئەبێت دەستیان بگریت و ڕێگای چاکەیان پیشاندەیت تا ببیتە هۆکاری هیدایەت وەرگتنی کەسێك، هەروەك پێغەمبەری خوا -صلّی الله علیه وسلّم- دەفەرموێت:**

(( فو الله لأن يهدي الله بك رجلًا واحدًا، خيرٌ لك من أن يكون لك حمر النّعم)) -متفقٌ عليه-.

اللهم احفظ بنات المسلمين ونسائهم واحفظ سمعتهم وشرفهم وكرامتهم واستر عليهم يارب يا أرحم الراحمين و ثبّت قلوبهم على طاعتك ولا تحرمهم من عفوك...

وصلى الله على نبينا محمد و على آله وصحبه و سلم.

**ڕێناس محمد. دەرچوی ئینگلیزی**

==========================

## بایەخی ڕەسەنایەتی لە دیاریکردنی هاوڕێ

**ڕەسەن کەسێکی خاوەن ڕەچەڵەك و نەژادێکی شۆڕبوەوەیە لە بنەماو ڕیشەگەلێکی خانەدان و بەڕێز، جا هاوەڵیەتی مرۆڤێکی لەم شێوە دەستکەوتە. نیشانەو بەڵگەش بۆ ڕەسەنایەتی و بنەچەی تەندروست کردارو گوفتارەکانن، عەرەبیش دەڵێت:** (إِذَا غَابَ عَنْكَ أَصْلُهُ كَانَ دَلِيلَ أَصْلِهِ فِعْلُهُ)، **واتە: (کە بنچینەو ڕەچەڵەکیت لێ وون و پەنهان بوو، ئەوا بەڵگەو نیشانە بۆی کارو کردەوەیەتی)، یانی: لە میانەی کردەوەکانی ڕاساڵی و ڕەسەنایەتیەکەی درك پێ دەکرێت.**

**هەروەکو دەشڵێن:**(أَصْلٌ رَاسِخٌ، وَفِعْلٌ شَامِخٌ)، **واتە:(بنچینەیەکی چەسپاوو جێگیر، وە کردەوەیەکی باڵاو بڵندو چاکیش)، یانیش وتویانە:** (مَنْ طَابَ أَصْلُهُ، زَكَى فِعْلُهُ)، **واتە: (هەر کەسێك ڕەچەڵەك و بنچینەی چاك و باش بێت ئەوا کارو کردەوەشی گەشەسەندوو پاکیزەو خاوێن دەبێت).** بڕوانە: رسالة إلى ولدي من تصاحب؟

**جا هەر کاتێك بنچینەی بەڕێزو دینی ڕاست و دروست و زانستی بەرزو باڵا کۆبوونەوە ئەوا ئەو ڕێزەیە کە کۆتاییەو لەو بڵندتر نیە.**

**مەگەر پێغەمبەریش (ﷺ)، نەیفەرمووە:** ((فَعَنْ مَعَادِنِ العَرَبِ تَسْأَلُونِي؟ خِيَارُهُمْ فِي الجَاهِلِيَّةِ خِيَارُهُمْ فِي الإِسْلَامِ إِذَا فَقُهُوا))[٢]، **واتە: (لە بنەما[٣] و ڕەچەڵەك و نەژادی عەرەب پرسیارم لێ دەکەن؟ باشترینیان لە جاهیلی و نەفامیدا باشترینیانە لە ئیسلامەتیدا[٤]، کە لە بنەماکانی ئاین بزانن و تێ بگەن و ئیشی پێ بکەن.**

**پێشەوا حافظ ئیبنولحەجەر دەربارەی** (تَجِدُونَ النَّاسَ مَعَادِنَ)[٥]، **دەفەرموێت: خەڵکتان چنگ دەکەوێت کە خاوەن بنچینە گەلێکی لێکجیان، چۆن مەعدەن و کانزا لە ناوەوەی زەوی بەنرخ و بێ بەیاخی هەیە، خەڵکیش وەهایە.** فتح الباري:٥٢٩/٦.

**بۆیە کە خەڵکت بژاردەو پاڵاوتەکردو کردتە هاوڕێی خۆت، با خاوەنی بنەمای چاك و خانەدان و پایەبڵند**

---

[٢] مُتَّفَقٌ عَلَيهِ.

[٣] ئەو ڕەچەڵەك و بنچینەی دەدرێنە پاڵی و شانازی پێوە دەکەن.

[٤] واتە: بەهۆی ئیسلامەوە پلەو پایەی ئەوانەی خاوەن ڕێزو حورمەت بوون، زیاتر بەرز دەبێتەوەو ڕێزدار تر دەبن.

[٥] مُتَّفَقٌ عَلَيهِ.

**بێت، نەك كەسی سووكو بیٚ بەها، هەروەكو بەروبوومی چاكو خراپ.**

**ئاخر خاوەن ڕەگو ڕیشەی باش خۆشەویستی بەردەوام ترە، هەروەكو زۆر بە وەفاو ئەمەكیشە لە هەمبەر بە میرات گرتنی پیاوەتیو دلاوەریو ڕیٚزو ڕەچاوكردنی دراوسێیەتیو شكۆمەندی.**

**بێگومان پێشینی چاكمان زۆر سوربوونو جەختیشیان لە هاوەڵیەتی خەڵكی خانەدانو ڕەسەن كردۆتەوە، لەبەر بوونی ڕێزو شكۆمەندی زۆر گەورە، كە لێیان بەهرەوەربوون، بگرە داوای یارمەتیشیان لیٚ كردوونو پشتیشیان پیٚ بەستوون لە كاروبارەكانیاندا لە ڕاپەڕاندنو ڕامیاری لەگەڵ خەڵكیدا..**

**ئەوەتا پێشەوا حەسەنی بەصری بە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز[٦] دەفەرموویٚت: (عَلَيْكَ بِذَوِي الأَحْسَابِ؛ فَإِنَّهُمْ إِنْ لَمْ يَتَّقُوا اسْتَحْيَوْا، وَإِنْ لَمْ يَسْتَحْيَوْا تَكَرَّمُوا)[٧]، واتە: (پەیوەستی خەڵكی باشو ڕەسەن بە؛ چونكە لەڕاستیدا كە خۆپارێزیش نەبن شەرمیان هەیە، خۆ كە شەرمیش نەكەن ڕێزو حورمەت دەپارێزنو خەڵكێكی ڕێزدارن . واتە: ئەوەیان پیٚ باشتر بووە لەماڵو قازانجو دەستكەوت .).**

**جا كەسێك لە سەرنجدانی بۆ ئەم وتەیە فەرمووی:** (صدق والله الحسن، وكان صدوقاً، وقد رأيت من توقى بحسبه ما لم يتوقه ذو الورع بورعه)[٨]، **واتە: (وەڵڵاهی حەسەن ڕاست دەكات، كە زۆریش ڕاستگۆبووە، وە بێگومان من كەسی ئەوتۆم بینیوە كە پارێزكار بووە بەهۆی ڕەسەنایەتیو پلە بڵندیەوە بە ئاستێك لە خوا ترس بەهۆی خۆپارێزیەكەیەوە بەو ئەندازەیە نەبووە).**

**ئیبنولجەوزیش . بەڕەحمەت بێت . فەرموویەتی: (بۆ هۆشمەندو ژیر پێویستە سەیری ڕەچەڵەكو ڕەگو ڕیشەو ڕێڕەوو ڕێبازی ئەوانە بكات كە تێكەڵیان دەكاتو مامەڵەو هاوڕێیەتیو هاوبەشیان لەگەڵ ئەنجامدەدات، یاخود ژنو ژن خوازییان لەگەڵدا دادەمەزرێنێت، جا پاش ئەوە سەیری باردودۆخو شكڵو شێوەكان دەكاتو بڕیار دەدات؛ چونكە باشی ئەوانە بەڵگەو هێمای باشی نێوەڕۆكو ناواخنیشە.**

**بەڵام بنچینەكان، بەڕاستی خودی شت هەر بۆ بنەماو بنچینە دەگەڕێتەوەو بەوەوە بەستراوەتەوە، وە دوورە كەسێك بنەچەكێكی باشی نەبێت، كەچی واتای چاكو پەسەندی تێدابێت، وەبێگومانیش ئافرەتی چاكو جوان كە لە ماڵێكی كەمو بیٚ نرخدابێت كەم وایە پارێزگاری لە خۆی بكات، هەروەكو بەهەمان شێوەش ئەو كەسەی تێكەڵیو مامەڵەو هاوڕێیەتیو كڕینو فرۆشتن دەكات.**

**دەبێت زۆر وریا بیتو ئامان نەكەی تێكەڵاوی دروست بكەیت مەگەر لەگەڵ كەسێك كە ئەسڵو بنچینەیەكی ئەوتۆی هەیە بە ئاستێك خۆی بەدووردەگرێتو دەشترسێت لەوەی كە لە كەدارو نابووتو پیسی بكات؛ چونكە بەزۆری پارێزراویو بێوەیی لەگەڵ ئەوەیاندا دەبێت، كە جگە لەوەش ڕووبدات ئەوا دەگمەنە).** صيد الخاطر:٢٦٩ . ٢٧٠.

**پێشەوا عومەری كوڕی عەبدولعەزیز بە پیاوێكی فەرموو: (ئاڕاستەم بكەو پێم بڵیٚ ئاخۆ كیٚ بكەم بە بەڕێوەبەرو كاربەدەست، فەرمووی: بەڵام خاوەن دین ئەوەیان لە تۆ ناوێتو داوای پۆستو پلەو پایەت لیٚ ناكەنو بەدوایدا وێڵ نین، وە تۆش دونیا ویستانت ناوێت، كەواتە وابەستەی خەڵكی ڕێزدارو شكۆمەندبە، لەبەرئەوەی بە دڵنیاییەوە ڕێزو حورمەتیان دەپارێزن لەوەی نەشیاوو نەگونجاو بێت).** صيد الخاطر:٢٧٠.

**جیهاد قادر عەلی / وڵاتی میسر، ز.قاهیرە**

---

[٦] كتب عمر بن عبد العزيز إلى الحسن: (انصحني فكتب إليه إن الذي يصحبك لا ينصحك والذي ينصحك لا يصحبك)، عجائب الآثار:٢٢/١. **واتە: عومەری كوڕی عەبدولعەزیز بۆ حەسەنی بەصری نووسیو فەرمووی: (ئامۆژگاریم بكە، ئەویش بۆی نووسی بێگومان ئەوەی هاوڕێیەتیت دەكات . بۆ سوودو كەڵكی خۆی . ئامۆژگاریت ناكاتو مەرایت دەكات . چونكە ئەمیری بڕوادارانە ،. وە ئەوەش ئامۆژگاریت دەكات هاوەڵیەتیت ناكات . بۆ سوودو كەڵكی خۆی .).**

[٧] البصائر والذخائر: ٢٦/٢.

[٨] البصائر والذخائر:٢٦/٢.

## كۆڵەكەی دین

زۆركەس ئەناسین و بیستومانە ، كە خاوەنی بڕوانامەن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ كارو پیشەیەكیان نیە ، بە پێچەوانەشەوە خەڵكانێك كەنەئەزانن بنوسن و بخوێننەوە بەڵام خوای گەورە رزق و رۆزی خۆی بەسەردا ڕشتوون پارەو كاری باشیان هەیە ، نهێنیەكە لێرەدایە كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِالصَّلاةِ وَاصْطَبِرْ عَلَيْهَا لا نَسْأَلُكَ رِزْقاً نَحْنُ نَرْزُقُكَ﴾ (سورة طه : ١٣٢) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بۆمان دەردەكەوێت كە پابەند بومانمان بەنوێژەوە وامان لێدەكات كە خوای گەورە رزق و رۆزیمان بدات، كەسێك هات بۆلای پیاو چاكێك شكایەتی حاڵی خۆی كرد كەشتومەك گرانەو ئەمیش بێپارەو فەقیرە ، پیاو چاكەكەش پێی وت : سوێند بەخوا گوێ نادەم ئەگەر یەك دەنكە جۆ بەدینارێك بێت ، چونكە ( لەسەر منە كـــە بەندایەتی بۆخوا بكەم وەك چۆن ئەمری پێم كردووە وە لەسەر خوداشە كە رزقم بدات چونكە خۆی بەڵێنی داوە ) وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ (٥٦) مَا أُرِيدُ مِنْهُمْ مِنْ رِزْقٍ وَمَا أُرِيدُ أَنْ يُطْعِمُونِ (٥٧)﴾ كاتێك ئەم ئایەتە پیرۆزە دابەزی كەخوای گەورە دەفەرموێت : ﴿فَخَلَفَ مِنْ بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيّاً﴾ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) بە دەم گریانەوە فەرموی ئەی جبریـل ئومەتەكەم نوێژەكانیان پشت گوێ دەخـەن؟!! جبریل وەڵامی دایەوەو وتی ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) كۆمەڵە خەڵكانێك دێن لە ئوممەتەكەت دینەكەیان هەمووی دەفرۆشن بۆ شتێكی كەمی دنیا ، بۆیە دەبینین نوێـژ پشت گوێ خراوە ، وە سنورەكانی خودا دەشكێنرێت ، چۆن حاڵمان باش دەبێت ؟!! وەچۆن كۆمەڵگامان لەسەر ڕەوشتی جوان پەروەردە دەبێت ئەگەر نوێژەكانمان نەپارێزین ، ئایا نوێـژ نیە كەدەمان پارێزێت لەتاوان و خراپەكاری ، واللە یەك فەرمانی خودابیمان بەسە بۆئەوەی پایەو گرنگی نوێژ بزانین لەلای خودا ، ئایە ئەوە بەس نیە بۆمان كە خوای گەورە لەسەرووی حەوت تەبەقەی ئاسمانەوە نوێژی فەرز كردووە ، كاتێك خۆشەویستمان ڕۆشتە دوایین بەرزی ئاسمانەكان كە لە خوای گەورە نزیك بویەوە زۆر بەنزیكی وپەیامی بۆ دابەزاند وفەرمانی پێكرد بەكردنی ( ٥٠ ) نوێـژ بەڵام خۆشەویستمان هەر كەمی دەكردەوە تابوو بە ( ٥ ) نوێژ بە پاداشتی ( ٥٠ ) نوێژ كە ئەمەش فەزڵی خودایە بەسەرمانەوە ، سوێند بەخوا




نوێژ ڕووناكیە ، چۆن دەتوانین بەبێ ڕووناكی نوێژ لەتاریكی ڕۆژی قیامەت ڕزگارمان بێت ؟!! زۆر كەس ئەناڵێنن بەدەس خەم و دڵ تەنگیەوە ، یەك چارەسەرمان هەیە!! ئەوش بە ڕۆشتنە ناو ڕیزەكانی نوێـژ ، گەنجەكانمان زۆریان سەرگەردانن، چونكە دوور لەنوێژ و نوێـژ خوێنانن ، ڕوو لە خراپە و دوور لە مزگەوتەكانن ، دەبا بێدار بینەوە چیتر فەرمانی خودا نەشكێنین و نوێژەكانمان بەچاكی و بەجوانی بكەین .

كاروان حمه باقی / دەرچووی عەرەبی

قال العلامة ابن القيم رحمه الله:

(( وتبليغُ سُنَّته إلى الأمَّة أفضل من تبليغ السِّهام إلى نُحور العَدوّ لأن ذلك التبليغ يفعله كثير من الناس ، وأن تبليغ السنة فلا تقوم به إلا ورثة الأنبياء وخلفاؤهم في أُمَمِهم ، جعلنا الله تعالى منهم بمنِّه و كرمه)) جلاء الأفهام (ص ٤٩١)

**واتە : ڕاگەیاندنی سوننەتی پەیامبەر صلی الله علیه وسلم بە خەڵكی باشترە لە گەیاندنی تیر بە گەردنی دوژمنان ، چونكە ئەمەیان زۆر كەس ئەنجامی ئەدات ، بەڵام گەیاندنی سوننەت تەنها میراتگران و جێنیشینانی پێغەمبەران لە نێو ئوممەتەكانیاندا پێی هەڵدەستن ، خوای گەورە بە بەخشندەیی خۆی لەوانەمان بگێڕێت.**

**هەمیشە حەق وتن و حەق ویستن لای كێیە ؟**

ئەوەی سەیرێكی ڕووداوە زۆر و سەیر و سەمەرەكانی ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئەم جیهانە بكات ئەوەی بە ڕوونی و ئاشكرایی بۆ دەردەكەوێت كە هەڵسوكەوت و هەڵوێستی زۆرینەی خەڵكی ئەم سەردەمە جێگیر نیە لە سەر ڕایەك و هەمیشە لە گۆڕان و دژیەكیەكی سەیردایە و ئەوەی ئەمڕۆ دەوترێت و باس دەكرێت دەبینی سبەی لێی پەشیمان دەبێتەوە ،وە ئەوەی دوێنێ گرنگترین بابەت بوو ، وە خوێنی لە سەر دەڕژا ئەمڕۆ پشتگوێ خراوە ، و هەر باسی لێوە ناكرێت ، وە ئەوەی پێش چەند ساڵێك بڤە وحەرام بوو ئەمساڵ نۆش وحەلاڵە و بە پێچەوانەشەوە ! خۆ ئەگەر ئەم خووانە بۆ خەڵكانێكی دونیایی كارێكی ناشرین و مایەی نەنگی بێت ئەوا بێگومان بۆ خەڵكە موسوڵمان و دیندارەكان چەندین جار مایەی نەنگییە و یاری كردنە بە ئیسلام و دەسكاری كردنی حوكم و یاساكانێتی بە پێی حەز و ئارەزووی كەسەكان یان بەرژەوەندی لایەن و حزبەكان و هۆكارێكە بۆ لەكەداركردن وناشرینكردنی ئەم ئیسلامە جوانە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانەش ،هەمیشە خەڵكانێك هەبوون ،ئەگەر چی كەمینەبوون، كە بەردەوام و لە هەموو سەردەمەكان ،كۆن بێت یان تازە ،وە لە هەموو بارەكان، چ لە كاتی خۆشی و ئاشتی بێت یان لە كاتی ترس و تۆقاندن بێت ، چ لە كاتی دەسەلات داریدا بێت یان لە كاتی لاوازی و بێ دەسەلاتی و لێرە و لەوێ لەم پەڕی ڕۆژهەلات بۆ ئەوپەڕی ڕۆژئاوا هەمیشە و هەردەم بانگەواز وهەوڵ و تێكۆشانیان بۆ حەق و ڕاستی و دروستی و تێگەیاندنی خەڵكی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی ئیسلام بووە دوور لە هەموو مەبەستێكی دونیایی یان ئامانجێكی تاكە كەسی وحزبی وە هیچ كات ستەمی ستەمكاران و پارە ڕژاندنی دونیاویستان وای لێ نەكردوون كە بە ئەندازەی تاڵە موویەك لە ڕێگای ڕاست لابدەن و سازش بكەن و لە گەیاندن وڕوونكردنەوەی ڕێبازی حەقی پێغەمبەرایەتی ، وە ئەوەی لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) بەشێك نەبوبێت لە ئیسلام ئەمڕۆ نایهێننە نێو ئیسلامەوە. وە ئەم ڕاستیە لە هەڵوێست و كردار و گوفتاری ڕێبوارانی ئەهلی حەق لە كۆن و تازەدا بە ڕوونی دەردەكەوێت ، لە پێشەوەی هەموشیانەوە پێشەوای حەقویستان پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە نە ترس و تۆقاندن و هەڕەشەكردن و دەربەدەركردن و نە ماڵ و سەروەت و پلەوپایەی دونیایی وای لێ كرد كە تا ئەو ڕۆژەی گەڕایەوە لای پەروەردگاری دەست بەرداری بانگەوازی یەكخواپەرستی بێت ، دوای ئەویش خەلیفە جێگیر و هۆشمەندەكانی بە هەمان شێوە بوون تا سەریان نایەوە ، ئەوەتا پێشەوا أحمدی كوڕی حەنبەل كە نە ڕق و زیندان و ئەشكەنجە و قامچی خەلیفە موعتەزیلەكان و نە خۆشەویستی و ئەو پلە و پارە زۆرەی كە پێشكەشیان دەكرد وای لێ كرد كە دەست بەرداری حەق وتن بێت ، وە هەرگیز شتێك لە (شێخ بن باز) ەوە نەگێڕدراوەتەوە كە تێیدا سازشی لە وتن و كارپێكردنی حەق كردبێت لە سایەی ئەو ناز و خۆشیەی كە خوای گەورە بۆی ڕەخساندبوو ، وە لە هەمان كاتدا ئەو ستەم نەهامەتی و وڵات بەدەركردنەی بە سەر شێخ ئەلبانیدا هات وای لێ نەكرد كە دەست بەرداری حەق بێت و لە ڕقدا شتێك بڵێت كە پێچەوانەی حەق بێت.

**فلاح حسن / دەرچووی ئینگلیزی**

**حیجاب..پەردەی شەرم و حەیا لەنێوان**

## خوشکان و خوای پەروەردگاردا (بەشی یەکەم)

بسم الله الرحمن الرحيم

لەم نامەیەمدا ڕوو دەکەمە هەموو خوشکێکم کەوا بڕوای بەخوا و ڕۆژی دوایی هەیە،بۆ هەموو ئەو خوشکانەم کەوا هەموو مەبەستێکیان تەنها و تەنها ڕازی بوونی خوا و بەهەشتە پان و بەرینەکەیەتی،بۆ هەموو ئەو خوشکانەم کەوا ئامادەن هەروەکو چۆن هاوەڵە ئافرەتە پایەبەرزەکانی پێشووتر توانیان شانبەشانی پیاوەکان شان بدەن بەژێر ئەم دینە پیرۆزە و بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار بەدەست بێنن هەموو ژیان و مردن و ئەوەی لەدەستیان هات بەخشیان و بۆ ئێمەی بێئەمەکیان بەجێهێشت....




بەڵێ تەنها کەمێك لەکاتی خۆتم بدەرێ ئەی خوشکی خۆم بۆ ئەوەی بچمەناو بەهاری قورئان و گوڵزاری فەرموودە شیرینەکان و چەند گەوهەرێکت بۆ هەڵبژێرم و تۆش بەدڵت وەریان بگرەو باهەموو جەستەت ئاگایان لەم دێڕانە بێت نەك تەنها چاوەکانت ماندوو بکەیت و هیچ بەرهەمێکت دەست نەکەوێت سا بەڵکو خوای پەروەردگار بەزەییەکی بێت بەحاڵماندا و لەهەموو گوناهو تاوان و کەم و کورتییەکانمان خۆش بێت و پاکمان کاتەوە هەروەکو ئەو ڕۆژەی کەوا لەدایك بووین...

لێرەدا دەمەوێت باسی یەکێك لەو ئەرك و پێویستییانەی ئافرەتی موسوڵمان بکەم کەوا خوای پەروەردگار پێویستی کردووە لەسەر تۆی قورس وسەنگین ، لە قورئان و فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەرە خۆشەویستەکەماندا (صلى الله عليه وسلم) باسی لێوە کراوەو مەرجێکە بۆ ئەوەی ئیمانەکەت کامڵ وتەواو بێت ئەویش پۆشاکی شەرعییە (الحجاب) خوشکەکەم ئەگەر دەڵێی تاکو ئێستا نەمزانیوە کەوا حیجاب فەرزە لەسەر هەموو ئافرەتێکی موسوڵمان ئەوا بەئیزنی خوا ئێستا بۆت دەسەلمێنم و جوان ڕوونی دەکەمەوە بۆ تۆی بەڕێز بۆئەوەی هیچ گومانێکت نەمێنێت لەوەی کەوا پێویستە هەموو ئافرەتێکی موسوڵمان کە بڕوای بەخواو بەڕۆژی دوای هەیە ئەبێت هەموو جەستەی داپۆشراو بێت تەنها ئەو شوێنانەی نەبێت کەخوای پەروەردگار ڕێگەی پێداون دەرکەون...ئێستاش فەرموو بابزانین ئەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئان کامانەن کەوا باس لە حیجاب دەکەن...

خوای پەروەردگار لەسورەتی (الاحزاب)ئایەتی(٥٩) دەفەرموێت:- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ٥٩﴾

ئەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بڵێ بە خێزانەکانت و کچەکانت و ئافرەتانی موسوڵمانان با پۆشاکێکی داپۆشەر (جلابیب یان عەبا) بدەن بەسەر لاشەیاندا، ئەمەش نزیکترە بۆ ئەوەی بناسرێنەوە (کەوا موسوڵمانن) و با ئازار نەدرێن (لەلایەن کەسانی خراپەکار و ئارەزوو پەرستەوە) بەڕاستی پەروەردگاری تۆ زۆر لێبووردەو بەڕەحمە..

## تێڕامانێك لەم ئایەتە پیرۆزە:-

**١-خوای پەروەردگار ئەمری بەپێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)کردووە کەوا بڵێتە خێزانەکانی خۆیی و هەمو ئافرەتێکی موسوڵمان کەوا حیجاب بپۆشن**

**٢-حیجاب بۆ ئەوە فەرزکراوە کەوا ئافرەت بەهۆیەوە بناسرێتەوە کەوا موسوڵمانەو ئەمەش وادەکات کەوا ئەو کۆمەڵگەیە شێوازو ڕووخساری موسوڵمانانەی پێوە دیاربێت و هەموو تاکەکانی هەست بکەن کەوا لەناو کۆمەڵگەیەکی موسوڵمان و خاوەن دینداریێتیدا دەژین**

**٣-هەروەها سودێکی تری حیجابیش ئەوەیە کەوا ئافرەت لەناو ئەو جل و بەرگە پڕ لە قورس و سەنگینیەدا پارێزراو دەبێت لەدەستی پیاوانی ئارەزووپەرست و ناتوانن دەستی خیانەت و خراپەیان بۆ درێژ بکەن و ئەمەش بەتەواوەتی لە سود و قازانجی ئافرەتدایە**

**٤-لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی جل و بەرگێك کراوە کەوا سەراپای جەستەی ئافرەتەکە داپۆشێت و کورت و تەنك و تەسك نەبێت**

**هەروەها لە ئایەتێکی تردا کە پڕە لەئامۆژگاری جوان و بەپێز بۆ خوشکانم خوای زانا و کاربەجێ لەسورەتی(النور)ئایەتی(٣١)دەفەرموێت:**

﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ... وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾﴾

**ئەی پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم)بەئافرەتانی ئیماندار بڵێ:-**

**١-با چاویان بپارێزن لەئاستی نامەحرەم(نەزەرکردن)**

**٢-وە داوێنی خۆشیان بپارێزن(لە زیناو کاری نابەجێ)**

**٣-وەبا سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر شان و مل و گەردنیاندا**

**٣-وە جوانی و ڕازاوەیی خۆیان دەرنەخەن بۆ پیاوانی نامەحرەم تەنها ئەو شوێنانە نەبێت کەوا ناچارە دەربکەوێت(وەکو دەست و دەم و چاو)وە جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن تەنها بۆ مەحرەمەکانی خۆیان نەبێت وەکو(هاوسەرەکانیان،باوکی خۆیان..هتد).**

**٤-وە با ئافرەتانی باوەڕدار قاچیان دەرنەخەن و پێیان نەدەن بەزەویدا(بۆ ئەوەی ئەو پارچە زێڕەی کەوا بەستوویانە بەقاچیانەوە دەربکەوێت(ئەمەش جاران و ئێستاش لەناو هەندێك خەڵکدا ئەم کارە باوە کە ئافرەتەکانیان زێڕ لەپێدەکەن و لەهەمان کاتدا ئەم ئایەتە هەموو پێڵاوێکی پاژنەبەرز دەگرێتەوە کەنابێت ئافرەتان لەکاتی ڕێکردندا بیدەن بەزەویدا و دەنگیان لێوە بەرزبێتەوە).**

**جا خوشکی سەنگینم لەکۆتایدا دەڵێم خۆداپۆشین کاری ئافرەتی لەخواترس و موسوڵمانە،بەڵام خۆڕووتکردنەوەو سفوری کاری تۆی بەنرخ نییە و لەئاکاری غەیرە موسوڵمانانە بۆیە هەڵبژێرە یەکێك لەم دووانە تاکو لەدونیا ماویت و ڕووح نەگەشتۆتە گەرووت،وەهەرگیز بەقسەی زریق و باقی دوژمنانی ئەم دینە پیرۆزە هەڵمەخەڵەتێ کەوا خۆڕووت کردنەوە بە پێشکەوتن دەزانن سوێند بەخوا ئەوان چاك دەزانن کەوا تاکو تۆ داپۆشراوبیت ئەوا بەئاسانی ئەوان ناتوانن تۆ بکەنە نێچیرێکی ئاسان و بتخەنە داوی خراپەو فەسادی خۆیانەوە..**

**وءاخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين**

**محمد نجم صالح /کۆلێژی پزیشکی / زانکۆی سلێمانی**

# پرسیار و وەڵامی شەرعی

**پرسیار (١): من حەز بە نوکتە دەکەم ، لە لای برادەرەکانمدا زۆر سوعبەت و نوکتە دەکەم تا چەند من تاوانبارم ؟**

**وەڵام :**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**نوکتە وتن و سوعبەت کردن دەبێت بە دوو بەشەوە : یان ڕاستە و حەقە یان ناڕاستە و درۆیە و تاوانە و وتەی نابەجێیە .**

**١ ـ جا ئەگەر ڕاست و حەق بوو ، ئەوا دروستە چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((إِنِّي لأَمْزَحُ وَلا أَقُولُ إِلا حَقًّا)) صحيح الجامع الصغير رقم : (٢٤٩٤) .

**واتە : من سوعبەت دەکەم بەڵام هیچ ناڵێم ئیللا حەق و ڕاستی نەبێت .**

**وە لە فەرموودەیەکی تردا هاتوە هاوەڵان وتیان بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) :** ((يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تُدَاعِبُنَا ؟ قَالَ : إِنِّي لاَ أَقُولُ إِلاَّ حَقّاً)) صحيح سنن الترمذي : (١٩٩٠) .

**واتە : ئەی پێغەمبەری خوا تۆ سوعبەتمان لەگەڵدا دەکەیت ؟ فەرمووی : من سوعبەت دەکەم بەڵام هیچ ناڵێم ئیللا حەق و ڕاستی نەبێت .**

**بۆ نمونە یەکێك لەو سوعبەتانەی پێغەمبەری خوا (ﷺ):**

((أَتَتْ عَجُوزٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ : يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُدْخِلَنِي الْجَنَّةَ ، فَقَالَ : يَا أُمَّ فُلاَنَةَ إِنَّ الْجَنَّةَ لاَ تَدْخُلُهَا عَجُوزٌ ، قَالَ : فَوَلَّتْ تَبْكِي ، فَقَالَ : أَخْبِرُوهَا أَنَّهَا لاَ تَدْخُلُهَا وَهِيَ عَجُوزٌ ، إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَالَ : ﴿ إِنَّا أَنشَأْنَاهُنَّ إِنشَاءً ﴿٣٥﴾ فَجَعَلْنَاهُنَّ أَبْكَارًا ﴿٣٦﴾ عُرُبًا أَتْرَابًا ﴿٣٧﴾ ﴾ [الواقعة])) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٩٨٧) .

**واتە : پیرەژنێك هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و وتی : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوعام بۆ بکە لای خوا کە بمخاتە بەهەشتەوە ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی : ئەی دایکی فلانە بەهەشت پیرەژنی تێ ناچێت ، ئەویش ڕۆیشت بە گریانەوە ، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : هەواڵی بدەنێ کەوا ناچێتە بەهەشتەوە بە پیری ، خوای پایەبەرز فەرموویەتی : ﴿ئێمە ئافرەتانی بەهەشتمان دروست کردووە ، کراون بە کچە عازەب ، خۆیان خۆشەویست دەکەن لای مێردەکانیان و هەمویان هاوتەمەنن﴾ .**

**ئەوەش بزانە سوعبەت کردنی ڕاست و حەق هەرچەندە دروستە بەڵام نابێت ببێتە پیشەی مرۆڤی ئیماندار و بە زۆری ئەنجامی بدات ، چونکە زۆر سوعبەت کردن و نوکتە وتن پێکەنینی زۆری لەگەڵدا دەبێت ، زۆر پێکەنینش دڵ ڕەق دەکات و دەیمرێنێت وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((وَلاَ تُكْثِرِ الضَّحِكَ فَإِنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ)) صحيح الجامع الصغير رقم : (١٠٠) .

**واتە : زۆر پێمەکەنە چونکە زۆر پێکەنین دڵ دەمرێنێت .**

**٢ ـ بەڵام ئەگەر سوعبەت و نوکتە وتن ناڕاست و درۆ و تاوان و نابەجێ بوو ئەوا حەرامە و نابێت لە موسڵمان بوەشێتەوە ، چونکە ئاشکرایە (درۆ کردن ، وتەی نابەجێ) حەرامە با ئەگەر بەرگی سوعبەت و نوکتەشی بە بەردا بکرێت .**

**وە ئەگەر نوکتە وتن و سوعبەت کردنی درۆ بۆ ئەوە بێت دەوروبەر بهێنیتە پێکەنین ئەوا تاوانێکی زۆر ترسناك و گەورەیە ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :** ((وَيْلٌ لِلَّذِي يُحَدِّثُ فَيَكْذِبُ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَهُ)) صحيح أبي داود رقم : (٤٩٩٠) .**واتە : تیاچوون (یان دۆڵێك لە**

**دۆڵەکانی دۆزەخ) بۆ ئەو کەسەی کە قسە دەکات و درۆ دەکات بۆ ئەوەی خەڵك بهێنێتە پێکەنین.**

**وە ئەوەش بزانە هەندێك جار نوکتە و سوعبەت کردن گاڵتە کردنی تێدایە بە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و دروشمەکانی ئاینی ئیسلام ئەمەش کوفرە و مرۆڤ لە دین دەردەکاتە دەرەوە .**

**وەك خوای گەورە لە بارەی دووڕووەکانەوە فەرموویەتی :** ﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ ۚ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ ﴿٦٥﴾ لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ۚ ﴿٦٦﴾ ﴾ [التوبة] .

**واتە : ئەگەر پرسیاریان لێبکەیت ، دەڵێن : ئێمە تەنها ڕابواردن و گاڵتەمان دەکرد ، بڵێ : ئایا ئێوە بە خوا و ئایەتەکانی و پێغەمبەرەکەی گاڵتەتان دەکرد ، بیانو مەهێننەوە ئێوە کوفرتان کردووە دوای باوەڕهێنان ، واتە بەو گاڵتە و سوعبەتە لە ئیمان هەڵگەڕاونەتەوە و کافر بوونەوە .**

**کەواتە دەبێت زۆر بە ئاگا بیت لە کاتێکدا کە سوعبەت یان گاڵتە یان یاری دەکەیت یان نوکتە دەڵێیت ، جا بۆ ئەوەی تاوانبار نەبیت ئەوا دەبێت ئەم ئایەت و فەرموودانەت لە پێش چاو بێت .**

**لە لایەن مامۆستا ( محمد عبدالرحمن )ە وە وەڵام دراوەتەوە**

-------------------------------

## **پرسیار** (٢) :

**ئایا دروستە پیاو تەوقە لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم دا بکات؟**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**تەوقەکردنی پیاو لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەمدا حەرامە و بە هیچ شێوەیەك دروست نی یە ، بە بەڵگەی ئەم فەرموودانەی خوارەوە:**

**١.** عن أميمة بنت رقيقة (رضي الله عنها) قالت: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **((إنّي لا أصافح النساء))** .

[صحيح سنن الترمذي رقم:(١٣٠٠)والسلسلة الصحيحة رقم:(٥٢٩)]

**واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی: من تەوقە ناکەم لە گەڵ ئافرەتدا.**

**٢-** عن عمرو بن شعيب عن أبيه عن عبدالله بن عمرو: **((إنَّ رسول الله صلى الله عليه وسلم كان لا يصافح النساء في البيعة))** [سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٥٣٠)] .

**واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم تەوقەی نەدەکرد لەگەڵ ئافرەتدا لە کاتی پەیمان وەرگرتندا.**

**٣ .** عن عائشة رضي الله عنها قالت:عن عائشة رضي الله عنها قالت: **((لا والله ما مست يد رسول الله صلى الله عليه وسلم يد امرأة قط))** [صحيح البخاري رقم: (٥٢٨٨) وصحيح مسلم رقم: (١٨٦٦)] .

**واتە: سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم بە هیچ شێوەیەك دەستی بەر دەستی هیچ ئافرەتێك نەکەوتووە.**

**٤ .** عن معقل بن يسار (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: **((لأن يطعن في رأس أحدكم بمخيط من حديد خير له من أن يمس امرأة لا تحل له))** [صحيح الجامع الصغير رقم: (٥٠٤٥) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم: (٢٢٦)] .

**واتە : ئاسن بکرێت بە سەری یەکێکتاندا باشترە بۆی لەوەی کە دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بکەوێت حەڵاڵ نەبێت بۆی.**

**٥ .** وجاء في بعض روايات حديث أبي هريرة الواردة في ذكر مقدمات الزنا ما لفظه **((...واليد زناها اللمس ...))** [أخرجه أحمد في ((المسند)) رقم: (٨٣٩٢) والبيهقي في ((السنن الكبري)): (١٢٣/١)] .

**واتە: زینای دەست بریتی یە لە دەست پێوەدان.**

**کەواتە بە هیچ شێوەیەك دروست نی یە بۆ پیاو کەوا دەست بدات بە دەست یان بە هەر جێگایەك لە لاشەی ئافرەتەوە ئەگەر نامەحرەمی بێت.**

**لە لایەن مامۆستا ( محمد عبدالرحمن )ە وە وەڵام دراوەتەوە**

=====================

# پشوو مەدە ، تا پشوو بدەی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

**بەڕێزان و خۆشەویستان** : ڕەنگە ئەم ناونیشانەی سەرەوە لای هەندێکتان ڕوون نەبێت و لە مانا و مەبەستەکەی نەگەن ، بەڵام لەم بابەتە کورتەدا مانا و مەبەستەکەی دەخەمە ڕوو بە ئومێدی ئەوەی بتوانی بە وردی بیخوێنیتەوە و سوودی لێ ببینی .

**بەڕێزان** : خوای گەورە مرۆڤ و جنۆکەی تەنها بۆ ئەوە دروست کردوە کە خوای گەورە بپەرستن هەروەکو دەفەرموێت :

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالإِنسَ إِلاَّ لِيَعْبُدُونِ﴾ (سورة الذاريات : ٥٦)

جا خۆشەویستان مادام زانیمان کە خوای گەورە ئێمەی بۆ بەندایەتی کردنی دروست کردووە ، و لە پاداشتی ئەو بەندایەتییەش بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتی هەتا هەتاییمان پێ دەبەخشێت بۆیە ئەبێت لە ئەنجامدانی عیبادەت کردنی خوای گەورە هیچ کات پشوو نەدەین و بەردەوام خەریکی کاری چاکە و خێر بین و هیچ کات هەست بە ماندوبون و بێ تاقەتی نەبین ، چونکە ژیانی ئەم دونیایە کورتە و دەڕوات ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەو کردەوە چاکانەیە کە لە کاتی خۆشی و ناخۆشی ، لە کاتی سەرما و گەرما ، لە کاتی تێر و برسێتی ، لەکاتی لەشساغ و نەخۆشی ، لەکاتی دەوڵەمەندی و فەقیری ... ئەنجاممان داوە .

**بەڵێ خۆشەویستان** : ئێمەی موسڵمان لەم دونیایەدا ڕێبوارین و لەسەفەردایین وماڵی هیچ کەسێکمان لەم دونیایەدا نیە بەڵکو ماڵی هەموو یەکێك لە ئێمە لە بەهەشتدایە بەو مەرجەی کەوا لەم سەفەرە کورتەی دونیاماندا پشوو نەدەین و بەردەوام بین لەسەر ئەنجامدانی پەرستشەکان و خۆمان بە دوور بگرین لە تاوان و خراپەکان و صەب و ئارامان هەبێت لەسەر ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان و خۆڕاگریش بین لەبەرامبەر بە تاوانەکان و نەفسی بەدکار و شەیتانی نەفرەت لێکراو وامان لێ نەکات کەوا ئەم دونیا چەند ڕۆژیەمان وا لە پێش چاو خۆش و شرین بکات کەوا فکرمان لە خۆشی و ناز و نیعمەتی بەهەشت بېڕێت .

**بەڵێ خوشکان و برایانی بەڕێزم** : تاوەکو توانات هەیە و گەنجیت هەوڵبدە ئەو تەمەنە جوانەت لە عیبادەت کردنی خوای گەورەدا سەرف بکە و پشوو مەدە و توێشوو بۆ قەبر و قیامەتی خۆت کۆبکەرەوە بۆ ئەوەی لە بەهەشتدا بۆ هەتا هەتایە پشوو بدەی ، ئەو بەهەشتەی کە خوای گەورە لەبارەیەوە دەفەرموێت :

﴿ فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ١٧ ﴾ [ السجدة] . واتە : جا هیچ کەس لەو بەختەوەرانە نازانێت چی بۆ هەڵگیراوە و شاراوەتەوە لە ناز و نیعمەتی جۆراوجۆر ، کە چاوەکان پێی گەش دەبنەوە ، لە پاداشتی کار و کردەوەی پاك و چاکیاندا کە ( دونیادا ) ئەنجامیان دەدا .

بەڵێ بەڕێزان: خوای گەورە داوای لێ کردووین کەوا پێشبڕکێ بکەین بۆ بەدەستهێنانی لێبوردنی خوایی و بەدەستهێنانی بەهەشت وەك دەفەرموێت : ﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ (سورة آل عمران : ١٣٣) .

واتە : پێشبڕکێ بکەن بۆ لێ بوردنێکی گەورە لەلایەن پەروەرگارتانەوە، وە بۆ بەهەشتێك کە پانییەکەی (بە ئەندازەی) ئاسمانەکان و زەوی یە کە ئامادە کراوە بۆ لە خوا ترسان.

بەڵام بەداخەوە زۆرێك لەخەڵکی بە پێچەوانەوە پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ماڵی دونیا .

دوا وتەم ئەوەیە کە ئەبێت هەمیشە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی خوای گەورە لە خۆمان ڕازی بکەین و هیچ کات هەست بە ماندووی نەکەین و پشوو نەدەین تاوەکو مردن هەر وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّى يَأْتِيَكَ الْيَقِينُ﴾ (سورة الحجر : ٩٩) واتە : وە پەروەردگارت بپەرستە هەتا مردن یەخەت پێ دەگرێت.

جلیل إبراهیم /دەرچووی پەیمانگای ئیسلامی کوردستان